گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەهەندە ژینگەییەکان لە دەقە چیرۆکییەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی (4-1)

**محەمەد ڕەحمان پیرۆت**
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕاپەڕین - پشدەر، قەڵازێ، هەرێمی کوردستان، عێراق
mohammed.231123008@uor.edu.krd

**پ.د. صافیە محەمەد ئەحمەد**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
safya.kurde@uor.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/١٨
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٢٠
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
ڕەهەند؛ ئیکۆلۆژیا , ڕەخنە ژینگە , چیرۆک , دەق

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.4

**پوختە**

ڕەخنەی ئیکۆلۆژی وەك ئاڕاستەیەکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی باس لە پرسی ژینگە و ئەدەب دەکات، کە گرنگە مرۆڤ لەم سەردەمەدا پێی ئاشنابێت، بە تایبەتی منداڵان، پێویستە لە سەرەتای تەمەنیاندا چەمك و بنەما و ڕەگەزەکانی ژینگە بناسن و ڕێکارەکانی ژینگەپارێزی بزانن، ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕەهەندە ژینگەییەکان لە دەقە چیرۆکییەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی (4-1) هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی لەخۆ دەگرێت، مەبەستی سەرەکیمان دەرخستنی ئەرك و گرنگیی پرسە ژینگەییەکانە لە ناو بازنەی بابەتە خوێندراوەکانی وەزارەتی پەروەردە، بەتایبەتی بازنەی یەکەم و پۆلی چوارەم، کە قۆناغێکی گرنگی گەشەی منداڵە، توێژینەوەکە باس لە چەمك و مێژوو و ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دەکات، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی (جۆر، بنەما، ڕەگەز) لەو دەقە چیرۆکییانەدا، پرۆگرامی خوێندنی کوردی قۆناغی بنەڕەتی کۆمەڵێك

دەقی چیرۆکی لەخۆ دەگرن، کە پرسە ژینگەییەکان تیایاندا ڕەنگیان داوەتەوە، بە پێی ئەم ئاڕاستەیە شیکاریی بۆ ئەو دەقانە کراوە، پاشان لە ڕێگەی ئامارەوە بەدواداچوون بۆ ڕێژەی ئامادەیی (جۆر و بنەما و ڕەگەزەکان) لەو دەقانەدا کراوە پاشان ئاماژە بە کۆمەڵێك ئەنجام دراوە لە پێناو بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە ڕوانگەی پرسە ژینگەییەکانەوە، بە سودبینین لە ئاڕاستەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە ڕووی بنەما و جۆر و ڕەگەزەوە هەروەها تێگەیشتن لە ئاستی ئەو دەقە چیرۆکییانە لە ڕوانگەی گەیاندنی پەیامە ژینگەییەکان بە فێرخوازان لە ڕێگەی ئاماژەدان بە کۆمەڵێك سەرنج لە پاڵ شیکردنەوەی دەقە چیرۆکییەکان لە کۆتاییدا ئەو سەرچاوانەی، کە سودیان لێ وەرگیراوە خراونەتە ڕوو.

## پێشەکی

پرسەکانی تایبەت بە ژینگە لەم سەردەمەدا بوونەتە پرسێکی هەنووکەیی بە تایبەتی پیسبوونی ژینگە و ئەو پەلامارەی، کە دەکرێتە سەر ژینگە لە پێناو بەرزکردنەوەی کوالێتی ژیان، ئەدەبیش وەک کایەیەکی زیندووی کۆمەڵگا هەمیشە ڕەنگدانەوەی بۆ هەموو پرس و بابەتە هەنووکەییەکان هەبووە، پرسە ژینگەییەکان ئەو بابەتە گرنگانەن، کە لە ئێستادا ئەدەب زۆر لایان لێدەکاتەوە و ڕەخنەی ئیکۆلۆژیش بۆ خزمەتی ئەو دەق و پرسانە هاتۆتە ئاراوە. ڕەهەندە ژینگەییەکان لە دەقە چیرۆکییەکانی ناو پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن بە تایبەتی لە کتێبی خوێندنی کوردیدا، بریتین لە کۆمەڵێك بنەما و ئامانجی ژینگەیی لە خۆشویستن و پاراستنی ژینگە و ڕاگرتنی پەلامارەکان بۆ سەر سروشت و تێکنەدانی ژینگە، لە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت بەمەبەستی تێگەیشتن لە ئاستی ئەو دەقانە لە گەیاندنی پەیامە ژینگەییەکان بە فێرخواز و زیاتر بەرەوپێشبردنی بابەتە ژینگەییەکان. ئەدەب لە ڕێی ئەم ئاڕاستەیەوە پرسە ژینگەییەکانی زەق کردەوە، مەبەستی بوو، کە چیتر پەیامەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەق لە چوارچێوەی وەسفی سروشتدا نەمێننەوە، بەڵکو بۆ مەبەستێکی قووڵتر پەل بهاوێژن، کە پاراستن و ڕێگریکردنە لە پیسبوون و تێکدانی ژینگە و کۆمەڵێك ئامانجی دیکە، کە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی ژینگە دەبێتەوە. بابەتی ژینگە لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەی، کە هەبووە لە کلاسیکەوە تاوەکو ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ، زیاتر لە چوارچێوەی شیعردا خراوەتەڕوو، کە خۆی دەبینێتەوە لە خۆشویستن و سەرسام بوون بە سروشت، ئەو هەوڵانەی، کە هەن لەم چەند ساڵانەی دواییدا، خۆیان بریتین لە چەند توێژینەوەیەک هەروەها لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بابەتە ژینگەییەکان بایەخێکی زۆریان پێدراوە و لە ناو پرۆگرامەکان بە چڕ و پڕی ڕەنگیداوەتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا دەقە ئەدەبییەکان لە ئێستادا پێویستیان بە نوێکردنەوە و بەرەوپێشچوونی زیاتر هەیە بە بابەتە ژینگەییەکان؛ چونکە ئەم پرۆگرامانە، کە لەسەر بنەما ژینگەییەکان دابرێژرێن، ئاستی پەروەردە و هۆشیاری ژینگەیی بەرز دەکەنەوە، منداڵ زۆر سود لە چیرۆك دەبینێت و سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارییە بۆی هەروەها چیرۆکی منداڵان ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لە ڕاکێشانی سەرنجی منداڵان بە لای ژینگەدا؛ بۆیە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی تاکە ئاڕاستەیەکە، کە دەتوانێت بچێتە بنج و بناوانی ئەم دەقانە و پرۆگرامەکانی خوێندن بە بنەما ژینگەییەکان دەوڵەمەندتر بکات.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

خستنەڕووی کاریگەریی دەقە چیرۆکییەکانی ناو پرۆگرامەکانی کتێبی خوێندنی کوردییە لەبەر تیشکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی هەروەها خستنەڕووی چۆنییەتی ڕەنگدانەوە و مەزراندنی پرسە ژینگەییەکان لە دەقە چیرۆکییە ژینگەییەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی (1-4) لە پێناو تێگەیشتن لە ئاستی گەیاندنی پەیامە ژینگەییەکان بە فێرخوازان.

## گرنگی توێژینەوەکە:

یەکەم: ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ئاڕاستەیەکی نوێیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بەدواداچوون بۆ پرسە ژینگەییەکان و تاوتوێکردنیان بەم ئاڕاستەیە لە ئەدەبی کوردیدا کەمە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەم: ئاشکراکردنی ڕاددەی بەشداریی جۆر و بنەما و ڕەگەزەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە دەقە چیرۆکییە ژینگەییەکاندا بە سوودوەرگرتن لە زانستی ئامار.

سێیەم: دەرخستنی کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی لەبارەی دەقە چیرۆکییە ژینگەییەکان لە پرۆگرامەکانی کتێبی خوێندنی کوردی لە ئاکامی بەدواداچوون و ڕاڤەکردنیان بە ئاراستەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی.

## سنوری توێژینەوەکە:

کتێبی خوێندنی کوردی هەر چوار پۆلی سەرەتاییە بە هەردوو وەرزەکانەوە، کە تیایدا کار لەسەر زۆربەی دەقە چیرۆکییەکان کراوە و وەك کەرەستەی پراکتیکی توێژینەوەکە وەرگیراون.

## گرفت و کێشەی توێژینەوەکە:

کارکردن بە ئاراستەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە ئەدەبی منداڵان بە تایبەتی لە دەقە چیرۆکییەکانی ناو پرۆگرامەکانی کتێبی خوێندنی کوردی لە بابەتە ژینگەییەکان، زۆر بەکەمی لەم قۆناغەدا کاری لەسەرکراوە.

## پرسیاری توێژینەوەکە:

چۆنییەتی ڕەنگدانەوە و خستنەڕووی ڕێژەی پرسە ژینگەییەکان لە دەقە چیرۆکییەکانی ناو کتێبی خوێندی کوردی پۆلی (1-4).

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدی شیکاریی ئیکۆلۆژی وەرگیراوە، بەو مانایەی لەبەر ڕۆشنایی چەمك و زاراوەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، دەقە چیرۆکییەکان شیکراونەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوی نامەی ماستەرە، توێژینەوەکە لە دووبەش پێك دێت، بەشی یەکەم تیۆرییە، سێ تەوەرەی لەخۆی گرتووە، لە تەوەرەی یەکەم دا چەمك و پێناسەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی خراوەتە ڕوو، لە تەوەرەی دووەم دا مێژووی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی خراوەتەڕوو، لە تەوەرەی سێیەمدا جۆر و بنەما و ڕەگەزەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی خراونەتەڕوو، بەشی دووەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، کە سێ تەوەرە لە خۆی دەگرێت، تەوەرەی یەکەمیاندا پوختەیەك دەربارەی دەقە چیرۆکییەکانی ناو پرۆگرامەکانی کتێبی خوێندنی کوردی لەڕووی چەمك و قۆناغ و تایبەتمەندی ئەو دەقە چیرۆکییانە خراوەتەڕوو، لە تەوەرەی دووەمدا جۆر و بنەما و ڕەگەزەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە دەقە چیرۆکییەکاندا لە خۆی دەگرێت، تەوەرەی سێیەم پێك هاتووە لە خستنەڕووی ئاماری جۆر و بنەما و ڕەگەزەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە دەقە چیرۆکییەکاندا، لە کۆتاییدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

## 1. دەروازەیەکی تیۆری دەربارەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی

ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، ئاڕاستەیەکی تیۆری ڕەخنەییە، لە بەرامبەر هەستکردن بە ژینگە وەك سەرچاوەیەکی زیندووی ژیانی زیندەوەران سەری هەڵدا، ئەدەبیش وەك کایەیەکی زیندووی کۆمەڵگا، لە بەرامبەر هەستکردن بە ژینگە و ئەو مەترسیانەی لەسەریەتی، ئەم ئاڕاستە نوێیەی لە خۆی گرتووە.

### 1.1 چەمك و پێناسەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی

زاراوەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە بنەڕەتدا بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە، زاراوەکە لە دووبەش پێکهاتووە، ئیکۆ بە بەمانای ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوون دێت، لۆژی بە مانای زانست دێت. زاراوەی ئیکۆلۆژی مێژوویەکی تازەی نییە؛ چونکە پێشتر لەساڵی 1860 لەلایەن (ئەرنست هیگڵ)ی ئەڵمانی، لە خوێندنی زانکۆ بەکاری هێنا (جواری1397:129). ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە تاوەکو ئێستا بەرەو فرە زاراوەیی ڕۆیشتووە، بۆ یەکەمجار لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وتارەکەی (ویلیام ڕۆکێرت- William Rukert) وەك یەکەمین کەس لەساڵی (1978) دا، لەوتارێکیدا بەناونیشانی ئەدەب و ئیکۆلۆژی :تاقیکردنەوەیەك لە ڕەخنەی ژینگەییدا زاراوەی Ecocriticism بەکارهاتووە ( Al-abbasi,2016:869). ئەم زاراوەیە لەزمانی ئینگلیزی دا لەدووبەش پێکهاتووە (ECO، Critic). (محمد ابو الفضل بدران) پێی وایە، کە چەند زاراوەیەکی دیکەش هەن، کە گوزارشت لەم چەمکە دەکەن لەوانە:

- لێکۆڵینەوەی کلتوری سەوز-الدراسات الثقافیة الخضراء-Green cultural studies

-شیعریەتی ژینگەیی (الشیعریة البیئیة=Eco poeties)

- ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی (النقد البیئ الادبی=Environment Literary Criticism)

- ڕەخنەی سەوز(النقد الخضراء= Green Criticism (محەمەد،432:2018). هەروەها کۆمەڵێ زاراوەی دیکە هەن، کە بۆ ئەم ئاراستە نوێیە بەکارهاتوون لەوانە ((لاورێنس بوێل/Bull Lawrence دەستەواژەی ئیکۆلۆژی ئەدەبی=literary ecology بۆ بەکارهێناوە))(عەبدوڵڵا،93:2023).

لە ناو فەرهەنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بۆنمونە فەرهەنگی (کلیلدان)، ئاماژەی بەهەردوو زاراوەی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی یان ڕەخنەی سەوز) کردووە هەروەها ئاماژە بە (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، ئەدەبی ئیکۆلۆژی، شیعری ئیکۆلۆژی) کراوە ( عەلی تاهیر و عەبدوڵڵا تاهیر،240:2024). هەروەها (پیتەر چایڵدز و ڕۆگەر فاولەر) لە فەرهەنگی ( The Routledge Dictionary of Literary Terms) ئاماژەیان بە ڕەخنەی ژینگەیی کردووە لەسەر بنەمای هۆشیاری سەوز و پرسە سەوزەکان و ئەدەبی ئیکۆیی ( Childs and Fowler,2006:65). بەلای (گلۆتفێڵتی)ەوە، زاراوەی ڕەخنەی ژینگەیی پێ گونجاوتربووە؛ چونکە پێی وابووە هەم کورتە و هەم ئاسانتر لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، یان ڕەخنەی ئیکۆ بەکاردەهێنرێت (پارساپور،135:1392). کەواتە لێرەدا مەبەست لەو زاراوەیەیە، کە بتوانێت گوزارشت لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ژینگە بکات، واتە ئەو دەقانە دیاری بکات و لێکۆڵینەوەیان لێ بکات، کە هەڵگری پەیامی ژینگەیین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بەزۆر شێوە ناسێنراوە، گلۆتفێلتی و هارۆلد فرۆم لە کتێبەکەیاندا ئاماژەیان بە پێناسەکەی روکێرت داوە، کە پێی وایە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بریتییە لە بەکارهێنانی چەمکە ئیکۆلۆژییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیات (پارساپور،64:1395). هەرچەندە، کە پێناسەیەکی کورتە بەڵام توانیویەتی ئەرکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ڕوون بکاتەوە، کە تا چەند کارلێك و پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و ژینگە هەیە، ڕوونکردنەوە و دەرخستنی کاریگەری هەریەکەیان لەسەر یەکتری، کە شاعیران و نوسەران لە ڕوانگەی درککردن بەو مەترسییە گەورەیەی، کە مرۆڤ هەیەتی لەسەر ژینگە هەوڵیان داوە پرسە ژینگەییەکان و هۆشیارییەکان سەبارەت بە ژینگە لە دەقەکانیاندا بەرجەستەبکەن. نوسەران و ڕەخنەگران توانیویانە لە ڕێگەی ئەدەبەوە پەیامەکانیان لەسەر ژینگە بگەیەنن؛ لەبەرئەوەی ئەدەب گەیاندنی پەیامە بەزمانێکی ئیستاتیکی و جیاواز لە زمانی ڕۆژانە. ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بە تەنیا کار لەسەر ئەو فۆرمی ژینگەیە ناکات، بەڵکو کار لە سەر هەموو پرەنسیپەکانی تریش وەکو (فەلسەفە ،ئەخلاق،مێژوو،....هتد) دەکات بۆ ئەوەی لە ژینگە تێبگات؛ لەبەرئەوەی پرسە ژینگەییەکان پێویستییان بە چەسپاندن هەیە لە ڕوانگەی ئەو پرەنسیپانەوە، کە ئاماژەمان پێدان بۆ ئەوەی بنەما ژینگەییەکان هاوشێوەی بنەما کلتوری و ئاینی و مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکان بەهایان پێ بدرێت. لەم ڕووەوە نوسەری فارس (زهرا پارساپور) پێی وایە ڕەخنەی ژینگەیی بابەتێکی نێوان زانستەکانە، پێچەوانەی ڕێبازەکانی دیکە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییە لە نێوان زانستە ئەزموونییەکان و زانستە مرۆییەکان، لەم بوارەدا لە ئیکۆلۆژیادا تێکەڵەیەك لە پرسە ماددی و پرسە مرۆییەکان باسدەکرێت، کە هەردووکیان هەمان ئامانج پەیڕەودەکەن و ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ پاراستن و مانەوەی مرۆڤەکان (یاحقی،302:1402). لەگەڵ بوونی ئەو پەیوەستییە دەروونییەی، کە لە نێوان سروشت و مرۆڤدا هەیە، پێویستە ئەو پەیوەستی و پەیوەندییە توندوتۆڵ بکرێتەوە؛ چونکە لە سەرەتادا، کە مرۆڤ هاتە سەرزەوی ئەوەی، کە یەکەم جار بەرکەوتنی لەگەڵدا هەبوو ژینگە سروشتییەکەبوو، دواتر بەرە بەرە مرۆڤ توانی خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت.

دەتوانین بڵێین ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ئاڕاستەیەکی ڕەخنەیی ئەدەبییە، لەو دەقانە دەکۆڵێتەوە و بەدواداچوونیان بۆ دەکات، کە لە ئەنجامی کارلێکی ژینگە و ئەدەبەوە نوسراون، تیایاندا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەگەزەکانی ژینگە وەك ( ئاو ، هەوا ، خاك، ئاگر) و هەموو ئەو ڕەگەزانەی، کە ژینگە پێك دەهێنن لەبەرچاویان دەگرێت، ئەو ڕەگەزانە وەك کەرەسەی لێکۆڵینەوە بەکاردەهێنێت، دەگونجێت دەقەکان بەشێوەی ڕاستوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیامە ژینگەییەکان دەربڕن، مرۆڤ لە ئێستادا لەژینگەدا دەتوانێ کاریگەری دروست بکات زیاتر لە ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی دیکە.

## 2.1 مێژووی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی

پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ بە چەند قۆناغێکدا ڕۆیشتووە تاوەکو پەیدابوون و گەشەسەندنی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، باسکردن لە سروشت و بەرکەوتەکانی لەگەڵ مرۆڤایەتی مێژوویەکی کۆنی هەیە، کە لە سەردەمی فەیلەسوفانی یۆنانییەوە دەستپێدەکات. هەریەکە لە (بارتاجوراس، سوکرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ) بیروباوەڕی تایبەتییان دەربارەی سروشت هەبووە. یەکەمین گێڕانەوەی فەلسەفی، کە گوازراوەتەوە لە بارتاجوراس(481-411 پ.ز)  پێی وابووە مرۆڤ بناغەیە بۆ هەموو شتێك، بەو بیروڕایە بیرۆکەی پلەبەندی دامەزراند، سوکرات(399-470 پ.ز) لەوەدا پشتگیری کرد، مەبەستەکەی لە وتەیەکدا گەیاند، کە دەڵێ: خۆت ناخی خۆت بناسە، سروشت وازلێبهێنە بۆ خودا، ئەو دەیناسێ، بەهەمان شێوە ئەفلاتون (348-428پ.ز) لە وتەیەکدا دەڵێ: لێبوردەبە لەگەڵم ئازیزم؛ چونکە من زانستم خۆشدەوێت، بەڵام لادێ و درەختەکان فێری هیچم ناکەن، بەڵکو پیاوەکانی شار فێرم دەکەن، خوێندکارەکەی ئەرستۆ(322-428پ.ز) لەکتێبەکەی دا بەناوی (سیاسەت) ئەوە دەردەخات، کە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سروشت لە ژینگەدا مافی مرۆڤە (عبدالحافظ،2023:11-12). هەموو ئەو بیروڕایانە دەرخەری زاڵبوونی ژینگە و سروشتە، زۆربەی ئاینەکان ئاماژەیان بە سروشت و ژینگە کردووە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕەگەزەکان وەك (ئاو، هەوا، خاك، ئاگر) هەروەها پێکهاتەکانی ژینگە بە زیندوو و نازیندووەوە، تەنانەت داوای پاراستن و ڕاگرتنی هاوسەنگییان کردووە لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکاندا.

دوای قەرەباڵغبوونی شارەکان و سەرهەڵدانی پیشەسازی و زەق بوونەوەی جیاوازی چینایەتی بە تایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا، تەماحکارییەکانی مرۆڤ بۆ سەر

ژینگە ڕووی لە زیادبوون کرد، کە پێشتر بەو شێوەیە نەبوو. ئەوەی لە ئەدەبیاتی ئەم قۆناغەدا دەبینرێت جموجۆڵێکی ژینگەییە وەك سەرەتای درککردنی مرۆڤ بەرامبەر بە ژینگەکەی، هەستی خۆی لە بەرامبەر گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ((نۆستالژیا وەك گەڕانەوەیەك بۆ سروشتێکی پاك بۆ دووبارە زیندوکردنەوەی سادەیی و ونبوون لەشیعرەکانی (جیمس تۆمسۆن1730- James Tomson) بەناوی (وەرزەکان بە ڕوونی دەبینرێن)، کە ببووە ڕابەری چەشنای (نوسینی سروشت)، کە دواتر لەلایەن (Grilbert White) لە بەریتانیا بە وردی و بە وەسفی زیاتر لە ژینگەی لادێی دەڕوانی، لە ئەمریکا ئەم جۆرە نوسینە لە لایەن (William Brtram) لە بەرهەمەکانی (سەفەر بۆ فلۆریدا، کارۆلینا، جۆرجیا لە 1791)، هەروەها دواتر لەلایەن (David Henry Thoreau) لە بەرهەمەکەی بەناوی (Walden-ژیان لە دارستان لە1854) دا دەبینرێت، هەر ئەم نوسەرانە دواتر تیشکیان خستۆتە سەر هەڕەشەکانی ژینگە و کاریگەرییەکانی پیشەسازی و شارستانی و دواتر لەکۆتاییەکانی هەمان سەدە (نۆزدە) زەنگی مەترسی لەناوچوونی ژینگە لێدراوە و بووەتە هۆکاری دروستبوونی بزوتنەوەی (ژینگەپارێزی) بەمەبەستی پارێزگاریکردن و وێران نەکردنی لەو بەشە کەمەی ژینگەی سروشتی ئەمریکا، دیارترین نوسەرەکانیان لەم بوارەدا بریتین لە: (برۆووس 1837-1921، جۆن میرۆن 1838-1914))(عەبدوڵڵا،2023:102-103).

لە قۆناغی دواتردا، هاوشانی دروستبوونی ڕێکخراو و کۆمەڵە ژینگەپارێزییەکان، بابەتە ژینگەییەکان بەرەوپێشچوونی زیاتریان بەخۆیانەوەبینی بەهۆی ئەو کاردانەوانەی، کە لە بەرئەنجامی فراوانبوونی چالاکییە مرۆییەکان و پیسبوونی ژینگە پەیدابوون ئەوەش وایکرد، کە ئاڕاستەیەکی نوێ لە ڕەخنەی ئەدەبیدا سەری هەڵبدات ((ئەگەرچی سەرەتای سەرهەڵدانی ژینگەناسی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە و ئەگەرچی ئامادەبوونی ڕواڵەتەکانی سروشت لە ناو ئەدەبدا تەمەنێکی درێژتر و زۆرتری هەیە، بەڵام ڕەخنەی ئیکۆلۆژی وەك ئاڕاستەیەکی ڕەخنەیی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم))(محمد،2018:438). (گلۆتفێلتی و هارۆڵد فرۆم) لە کتێبەکەیاندا ئاماژەیان بەوە داوە، کە بۆ قۆناغی ئێستا، پێویستە لە دوو کتێبی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و کولتوری قۆناغی هاوچەرخ

دەست پێبکەین، کە زۆرترین کاریگەرییان هەبووە لە سەر ڕەخنەی ژینگەیی ئەمریکی و ئەو توێژینەوانەی، کە دەکران لەم بارەیەوە ئەوانیش 'لیۆ مارکس' بە بەرهەمی "ئامێر و باخچەکە:تەکنەلۆژیا و شوانکاری نمونەیی لە کلتوری ئەمریکی دا 1964" یەکێکە لە کۆنترین کتێبەکان لە نێوان پازدە کتێبی سەرەکیدا هاتووە لەو سەرچاوانەی کە بۆ خوێنەرانی ڕەخنەی ژینگەیی پێشنیازکراوە (Buell,2005:14). هەروەها کتێبی دووەم لە بەریتانیا ئەویش بەرهەمی "وڵات و شارەکە 1973" ی ڕایمۆند ولیامز, کە وەك شاکارێکی ئەدەبی لە سەر ڕەخنەی ژینگەیی باسکراوە (س، پ:هەمان لاپەڕە). ئەم کارانە بوونە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، کە بۆ یەکەمجار لەلایەن ولیام ڕۆکێرت لەساڵی 1978دا بناغەی بۆ داڕێژرا لە وتارە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی ئەدەب و ئیکۆلۆژی :تاقیکردنەوەیەك لەڕەخنەی ژینگەییدا، کەمەبەستی روکێرت لە ڕەخنەی ژینگەیی بەکارهێنانی ئیکۆلۆژیا و چەمکە ئیکۆلۆژییەکان بوو لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا, پێناسەکەی ڕوکێرت بە تایبەتی پەیوەندی بە زانستی ئیکۆلۆژیاوە هەیە، ئەوەش هەموو پەیوەندییەکان لە خۆ دەگرێت لە نێوان ئەدەب و جیهانی فیزیکیدا (Glotfelty and Formm, 1996,xx).

لە قۆناغی چەسپاندن و بەرەوپێشچونی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، لە نەوەدەکانەوە کۆمەڵێك ڕێکخراو و دەستەی ژینگەیی زۆر دروست بوون، لە ساڵی 1992 یەکەمین ڕێکخراوی پیشەیی بۆ ڕەخنەگرانی ژینگە دامەزرێنرا بە ناوی 'کۆمەڵەی لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و ژینگە'ASLE لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەساڵی 1993 گۆڤاری "ایسل-ISLE لێکۆڵینەوەی ڕێکخستنی ئەدەب و ژینگە" دامەزرا (الجبیلی،10:2021). ئەم دەستە و ڕێکخراوانە لە ناوەند و وڵاتە گەورەکانی جیهان سەریان هەڵدا؛ چونکە زۆرترین چالاکی مرۆیی و جوڵەی بازرگانی و گەشەسەندنی ئابوری و دانیشتوان لە خۆیان دەگرن واتا کاریگەرییان لەسەر پیسبوونی ژینگە زیاترە لە چاو وڵاتانی دیکەدا، هەر لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە گەڵ دروستبوونی ئەم ڕێکخراوانە (گلۆتفێلتی و هارۆلد فرۆم) ئاماژەیان بەوە داوە، کە ((ڕەخنەی ئیکۆلۆژی پەرەسەندنێکی باشی بە خۆوە بینی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی دوو کتێبی زۆر گرنگ لە ساڵانی نەوەدەکان. ئەوانیش "خوێنەری ڕەخنەی ئیکۆلۆژی-چێری گلۆتفێلتی و هارۆلد فرۆم" و هەروەها کتێبی "ئەندێشەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەخنەی ئیکۆلۆژی-لۆرێنس بوێل”))(عەبدوڵلا، 104:2023). ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بەپێی بۆچوونی (پرۆفیسۆر سلۆڤیك) (( بە هۆی سێ شەپۆلەوە گەشەی سەندووە. شەپۆلی یەکەم شیکاری دەقە ناخەیاڵییەکان دەگرێتەوە، کە هەر لە چوارچێوە ئەو کارانەیە، کە لەسەر سروشت کراون. شەپۆلی دووەم جەختدەکاتە سەر ژانرە جیاوازەکانی دەق، وەکو دەقە خەیاڵییەکان و شیعر. هەرچی شەپۆلی سێیەمە بەوە جیادەکرێتەوە، کە باس لە گواستنەوەی بەهای کلتوری دەکات، واتە بەراوردکردنی شیکاری و ئەو کار و بەرهەمانەی، کە باسی کلتورە جیاوازەکان و دیدیان بۆ سروشت دەکات))(عەبدوڵلا و حەسەن،228:2023). لە سەرەتای (2000)ەکان، کە بە شەپۆلی سێیەمی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ناسراوە، تیایدا ئەم ئاڕاستەیە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە؛ چونکە ئاڵنگارییەکان بە ڕووی ژینگە و مرۆڤایەتی دا زۆر خێرابوون، ئەدەبیش پێویست بوو خۆی بەرەوپێشەوە ببات لە ڕوانگەی ئەوەی ژینگە و سروشت وەك بابەتێکی هەنووکەیی بکاتە ئامانجی لێکۆڵینەوەکانی، لێرە بەدواوە بەهۆی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنە زانستی و مرۆییەکان، ئەرکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی زیاترکرد، چونکە بەرهەم و بابەتی ژینگەیی بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییە ژینگەییەکان ڕوویان لە زیادبوون کرد.

### 3.1 جۆر و بنەماکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و ڕەگەزە ژینگەییەکان

ڕەخنەی ئیکۆلۆژی وەك ئاڕاستەیەکی تیۆری، جۆر و بنەماکان لە خۆی دەگرێت، لەم بەشەدا بە شێوەی تیبۆری ئاماژەمان بەو جۆرانەداوە، کە دەقە چیرۆکییەکان لەخۆیان دەگرن لەبەر سنورداری توێژینەوەکە و دووبارەنەبوونەوەیان هەموویان بەیەکەوە باسدەکەین. بەپێی ئەو توێژینەوانەی، کە لەسەر ئەم ئاڕاستە نوێیە کراون بە شێوازی جیاواز جۆرەکانی ئەم ئاڕاستەیەیان ئاماژەپێداون. بۆ نمونە (د.فوئاد ڕەشید) لە توێژینەوەکەیدا بەناوی (شیعری وەسێتنامەی زەوی کەژاڵ ئەحمەد لە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا) لە چوارچێوەی فەلسەفەی ژینگەگەرایی بە پێی بۆچوونی (مایکل زیمرمان)، ئاماژەی بە سێ جۆری سەرەکی کردووە:

یەکەم: ئێتیکی ژینگەیی
دووەم: ئیکۆلۆژیای ڕیشەیی: ئەویش سێ لقی لێدەبێتەوە:
- ئیکۆلۆژیای قووڵ
- ئیکۆلۆژیای فێمنستی
- ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی
سێیەم: ئیکۆلۆژیای چاکسازی (محەمەد،434-433:2018).

(د.سۆران مامەند) لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناونیشانی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا) ئاماژەی بە چەند جۆرێکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی کردووە:
1- ئیکۆلۆژیای قووڵ 2- ئیکۆفیمینیزم 3- ئیکۆ ئاژەڵناسی 4- ئیکۆ شوانکارەیی 5- ئیکۆ پۆست کۆلۆنیاڵیزم 6- ئیکۆ سایکۆلۆژی 7- ئیکۆلۆژیای جەنگ 8- ئیکۆ مارکسیزم (عەبدوڵڵا،162-125:2023).

لەم توێژینەوەیەدا بە پشتبەستن بەم توێژینەوانەی، کە باسمانکردن هەروەها بەپێی سروشتی دەقە چیرۆکییەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی (1-4)، جۆرەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و بنەماکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیمان لەو چوارچێوەیەدا وەرگرتوون هەروەها ڕەگەزەکانیش لەسروشتی دەقەکانەوە وەرگیراون وەك (ئاو، هەوا، خاك).

## 1.3.1 جۆرەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی

### یەکەم: ئیکۆلۆژیای قووڵ

زاراوەی ئیکۆلۆژیای قووڵ لەلایەن فەیلەسوفی نەرویجی (ئارن نایس لە ساڵی 1973)ەوە داهێنراوە، پێی وایە وشەی "قووڵ" وەك تایبەتمەندی ئاماژەیە بۆ شتێکی پێچەوانەی ڕوون یان ئاشکرا یان ڕوکەش، نایس ویستویەتی ئیکۆلۆژیا لە ئاستێکی واقیعیانەوە تێیپەڕێنێت بۆ ئاستێکی قووڵتر وەك زانست، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئیکۆلۆژیای قووڵ بانگەشەی ئەوە دەکات، کە پێویستە مرۆڤ وەك هاوڵاتییەکی جیهانی لە زەویدا مامەڵە بکات و لێپرسراوێتی لە ئەستۆ بگرێت **(Tosic,2006:45)**. ئیکۆلۆژیای قووڵ بوارێك یان جۆرێکی ڕەخنەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیکۆلۆژییە، کە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئامانجی پاراستنی ژینگەیە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، دژی بە چەقکردن و زاڵکردنی مرۆڤە بەسەر پێکهاتە و فۆڕمەکانی تری ژینگەوە. لەم جۆرەدا تەنیا ئاماژە بە هۆکارەکانی پیسبوون ناکرێت یاخود دەرئەنجامەکانی، بەڵکو بە تێڕامانێکی قووڵ باس لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دەکرێت، باس لە پەلاماردانی مرۆڤ دەکرێت بۆ سەر ژینگە و ئاژەڵان، کە مرۆڤ بووەتە هۆکارێك بۆ لەناوچوونی هەندێ لە وەچەی گیانلەبەران. بە پێی بۆچوونی (مصطفی النشار) ئەم جۆرە بۆیە پێی دەوترێ ئیکۆلۆژیای قووڵ؛ چونکە ((لایەنگرانی باوەڕیان وایە شیکارییەکانیان بنیاتی کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تەنگەژە و کێشەکانی ژینگە ڕوون دەکاتەوە، پێیان وایە لە ڕێگەی شۆڕشێك یان هەوڵێکی نوێی ڕۆشنبیرییەوە لە نمونەیەکی ڕێنماییکارییانەدا، دەکرێ هەسارەی زەوی لە وێرانکارییە ژینگەییەکان بپارێزرێت))(محمد،434:2018).

## دووەم: ئیکۆفیمینیزم

جۆرێکی ترە لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، کە لە میانەی فراوانبوون و گەشەسەندنی ئەم ئاڕاستەیەدا سەری هەڵدا، دەتوانین بڵێین ئیکۆفیمینیزم ((وەك چەمکێکی فەلسەفەی ژینگەیی، لێکۆڵینەوە لە مۆراڵی ژینگەیی فێمێنیزمی دەکات و لە ڕووی تیۆرییەوە تیشك دەخاتە سەر، چەوساندنەوەی ژن و وێرانکارییەکانی سروشت و پێکەوەیان گرێ دەدات))(ابراهیم و پیرۆت، 17:2024). ڕەخنەی ئیکۆلۆژی تەنیا لە چوارچێوەی داواکاری بۆ پاراستنی ژینگە نەمایەوە، بەڵکو کاریکرد بەمەبەستی دەربازکردنی خودی مرۆڤ لە بیرکردنەوە شەڕانگێزییەکانی بەرامبەر بە دەورووبەر و ڕەگەزی مێینە. لە ڕووی زاراوەوە نوسەری فارس (زەهرا پارساپور) پێی وایە، کە ئەم زاراوەیە (ئیکۆفیمینیزم- Ecofeiminism) لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی ئینگلیزییە و لە نێوەندی توێژینەوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا زاراوەیەکی نوێیە، بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی فەرمیی لە ساڵی (1974) لەلایەن فێمینیستێکی فەڕەنسی بە ناوی (فرانسوا دی ئۆبۆن- Francoise d'Obonne) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (فێمینیزم یان مەرگ – Le feminisme ou la Mort) بەکارهێنراوە (س، پ:17). ئەگەر لە ئیکۆلۆژیای قووڵدا داوای بەدواداچوونی زیاتر و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وردبوونەوە لە کێشەکانی ژینگە بکرێت، ئەوا ئیکۆفیمینیزم لە ئیکۆلۆژیای قووڵ زیاتر جەخت لەسەر نەهێشتنی جیاوازی و چەسپاندنی دادپەروەری ژینگەیی دەکاتەوە لە بەرامبەر ئەو عەقڵییەت و بیرکردنەوە داگیرکارییەی، کە هەیە وەك چەوساندنەوە و جیاکاری و جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی (جرارد،40:2009).

## سێیەم: ئیکۆ ئاژەڵناسی

ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەرانی تر جگە لە مرۆڤ، هەر لە زووەوە بوونەتە باس و بابەتی دەقە ئەدەبییەکان ، بەڵام بەشێوەیەك بووە کە ڕۆڵی کارەکتەرێکیان لە دەقەکان پێدراوە، کە بەمەبەستی گەیاندنی بیر و پەیامی ژیانی مرۆڤەکان بووە، ڕۆڵێك نەبووە کە ئاژەڵان تیایدا خۆیان وێنا بکەن، مافەکانیان لەبەرچاو بگیردرێت، لە دەقە ئەدەبییە کۆنەکاندا ئاژەڵ و باڵندەکان زۆر جار وەك بابەتی ڕەمز و ئەفسانە بەکارهاتوون بە بێ ئەوەی وێنای ژیانە ڕاستەقینەکەی خۆیان بکەن، ڕەخنەگرانی بواری ڕەخنەی ئیکۆلۆژی پێیان وایە، کە ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسی. بەپێی بۆچوونی نوسەری هیندی (Sengupta) ئەم جۆرەیان لقێکە لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و بە زۆری باسی ڕۆڵ و دەرخستنی ئاژەڵان دەکات لە دەقەکاندا، بە تایبەتی لە دەقە ئەدەبییەکاندا؛ هەربۆیە ڕەخنەی ئاژەڵناسی وێنەی ئاژەڵان دەخاتە بەردیدی خەڵك و ئاژەڵان زەقدەکاتەوە))(عەبدوڵلا،134:2023). (گراهام هاگان و هێلێن تیفین) لە کتێبە بەناوبانگەکەیان "تیۆری ڕەخنەی ئیکۆلۆژی سەردەمی دوای کۆلۆنیالیزم:ئەدەب،ئاژەڵ و ژینگە" ئەم دوو نوسەرە لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە دەکۆڵنەوە لەو دەقە ئەدەبییانەی، کە لە سەردەمی دوای کۆلۆنیالیزم نوسراون، دەکرێت بیروبۆچوونەکانی ڕەخنەی ئاژەڵناسی ئەم کتێبە لەم چەند خاڵەدا کورتبکەینەوە:

1-لە چەندەها ئاست و کاتی جیاواز، مرۆڤ و کلتورەکەی وەکو ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە لەلایەن گروپە باڵادەستەکانەوە، هەروەها کۆمەڵکوژکردنی مرۆڤەکان و بە کۆیلەکردنیان.

2-هەر هەوڵێك بۆ بەدواداچوونی جۆرەکانی ئاژەڵان لە دەقەکانی سەردەمی دوای کۆلۆنیالیزم، ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئاژەڵان چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کراوە، یان پێگەیەکی تایبەتیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێدراوە، کە لەهەندێك باردا لە پێگەی مرۆڤ بەرزتربووە. بۆ نموونە کۆچەرییەکان کاتێك بۆ کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان کۆچیان دەکرد بە کەمتر لە ئاژەڵ سەیر دەکران و مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرا.

3-ئەو منداڵانەی، کە لە برسا دەمردن و ئەو خەڵکانەی، کە دەکوژران زیاتر مایەی نیگەرانی و ترسن وەکو لەوەی ترس و نیگەرانی بەرامبەر بە ئاژەڵان هەبێت (س، پ:135-136).

## 4- ئیکۆ شوانکارەیی

ئەدەبی شوانکارەیی بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە پیشاندانی جیهانێکی سروشتی یان جیهانێکی سەوز، کە جیهان لە ئاڵۆزی و قەرەباڵغی شارەکان پەلکێش دەکات بۆ ژیانێکی سادە لە ناو سروشتدا (Love,2003:66) . ئەم جۆرەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لەو دەقانە دەکۆڵێتەوە کە تیایاندا داوای ژیانێکی ئاسایی دەکەن، ئەوەش لە پێناو ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان سروشت و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی؛ چونکە لە ڕەگوڕیشەی ئەدەبیاتی شوانکاریدا، سروشت خاوەن بیرۆکەیەکی جێگیر و نەگۆڕە و دژی بەکارهێنانی سروشت، دەوەستێتەوە لە لایەن مرۆڤەوە بۆ پەرەپێدانی چالاکییەکانی لەسەر شانی سروشت بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی (جرارد،69:2009). ئەم جۆرەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی خوێندنەوە بۆ ئەو دەقانە دەکات، کە داوای سنوردارکردنی دەستوەردانی مرۆڤ دەکەن لەسەر ژینگەی سروشتی لە پێناو ڕاگرتنی تەماحکارییەکانی مرۆڤ، لە دەقەکانی پرۆگرامی خوێندنی کوردی ئەم جۆرەیان لەو دەقانەدا بەرجەستەدەبێت، کە باس لە ژینگەی گوندەکان و ژیانی شوانکارەیی دەکەن، تایبەتمەندییەکانی ژیانی گوند، شێوازی ژیان و ئەو کەلوپەل و جۆری ئەو خواردنانەی کە لە گوندەکاندا هەیە.

## 5- ژینگەناسی دەروونناسی

ڕۆڵی زانستی دەروونناسی لە دەرئەنجامی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی کە مرۆڤ هەیەتی لەگەڵ سروشت و ژینگەدا دەردەکەوێت، دەروونناسی هەوڵ دەدات، کە مرۆڤ وازبهێنێت لەو بیرکردنەوانەی، کە زیاد لە پێویست و بە شێوەیەکی بێ سنور زەوی و پێکهاتەکانی بەکاربهێنێت؛

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە لە ڕێگای ڕەخنەی ژینگەناسی دەروونییەوە وەك جۆرێکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە سەر بنەمای ئەو پەیوەندییە قووڵەی نێوان سروشت و مرۆڤ کاری کرد. زاراوەی ئیکۆسایکۆلۆژی لەلایەن "تیۆدۆر ڕۆسزاك Theodore Roszak"ەوە داهێنراوە لە کتێبەکەی دا بەناوی "دەنگی زەوی، گەڕانێك بۆ ئیکۆسایکۆلۆژی"، کە بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: ئیکۆسایکۆلۆژی بریتییە لەو پەیوەندییە پتەوەی کە لە نێوان مرۆڤ و جیهانی سروشتیدا هەیە، کە تیایدا بنەما دەروونی و ئیکۆلۆژییەکان دەکرێنە پێوەر بۆ بەردەوامی دان بەو پەیوەندییە، بەم شێوەیە لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە دەتوانرێت ئەم جۆرەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لەم خاڵانەدا ڕوونبکرێتەوە:

1-مرۆڤ و سروشت پەیوەندییەکی قووڵیان هەیە؛ چونکە زۆر وابەستەی یەکترن.

20جیاکردنەوەی مرۆڤ و سروشت و نەمانی ئەو پەیوەندییە، بە زیان بۆ هەردوولا شکاوەتەوە.

3-پەیوەندییە پتەوەکەی نێوان مرۆڤ و سروشت بەهۆی ئیکۆسایکۆلۆژییەوە دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە سەر ڕێڕەوەکەی خۆی (Mitra and Sujit Pal, 2022:92-93) .

ڕەخنەی ئیکۆسایکۆلۆژی هەوڵی خوێندنەوەی ئەو دەقانە دەدات، کە ڕەهەندی دەروونی لەخۆدەگرن لە نێوان مرۆڤ و سروشت و ژینگەدا، پاشان مرۆڤ بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەبات،کە ببێتە دۆستی ژینگە، تا لە ئەنجام دا سروشت و ژینگە ببنە هۆی ئاسودەیی بۆ مرۆڤ. سروشت سەرچاوەی ئاسودەییە بۆ مرۆڤ لە ڕوانگەی دەروونییەوە چونکە بەرکەوتن لەگەڵ سروشتی ڕاستەقینە بۆ گەشەکردنی مرۆڤ لەڕووی دەرونییەوە زۆر گرنگە، چوونە ناو دارستان و بینینی دیمەنە سروشتییەکان، بریتین لەو ڕێگا گرنگانەی، کە مرۆڤ بەهۆیانەوە دەتوانێت کەشێکی دەروونی گونجاو بۆ خۆی بڕەخسێنێت و لە جوانی سروشت و دروستکراوەکانی خودا ڕابمێنێت (Antonov, 2008:47).

### 2.3.1 بنەماکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە پڕۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردندا

ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا چەند بنەمایەك لە خۆی دەگرێت بە پێی ئەو دەقە ژینگەییانەی، کە لەو پڕۆگرامانەدا هەن، بەتایبەتی پڕۆگرامی کتێبی خوێندنی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتی، بنەما ((کۆڵەکەیەکی گرنگە، کە ناوەڕۆکی پڕۆگرامی لەسەر ڕادەوەستێت، ئامانجەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بریتییە لە گەشەپێدانی پرۆسە مەعریفییەکان و بەدەستهێنانی کارامەیی و بەهای کلتوری کۆمەڵگە، ئەم بنەمایانە بەردەوام پێویستییان بە داڕشتنەوە هەیە بۆ ئەوەی پرۆگرام لە پەیوەندی بەهێز و هەمیشەیی دابێت لەگەڵ ئەم کلتورە و خوێندکاراندا)) (علی و سمین، 25:2022). بنەما ژینگەییەکانیش لە مەزراندنی پرۆگرامەکانی خوێندندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، کە ئەمانەن:

**ا-ناساندنی ژینگە**

دەقە ژینگەییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا دەبێت ڕوون بن لەڕووی جۆر و سەرچاوەوە، تیایاندا  دەبێت جۆری ژینگەکە ئاشنا بێت بە فێرخواز، کە خۆی لە دوو جۆری سەرەکی دا دەبینێتەوە:

**ا-ژینگەی سروشتی:** ئەو جۆرەی ژینگەیە، کە مرۆڤ دەستی لە دروستکردنی دا نییە وەك (زەوی ، ئاسمان ،دەریا و زەریاکان، دارستانە سروشتییەکان، شاخ و گرد و تەپۆلکەکان......تاد)، بەشێوەیەکی گشتی ((ئەم جۆرە لە 4 سیستەمی پێکەوە گرێدراو پێکهاتووە، ئەوانیش: بەرگە زەپۆشەکە، بەرگە ئاوییەکە، بەرگی ڕەق-وشکانی، بەرگە ژیوارییەکە-زیندەگییەکە، ئەوەی ئەم سیستمانە لەخۆی دەگرێت وەك ئاو، هەوا، خاك، کانزاکان و سەرچاوە جیاوازەکانی وزە))(ڕەبیع، 23:2014).

**ب-ژینگەی دەستکرد (مرۆیی):** ئەو جۆرە ژینگەیەیە، کە دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی وەك (باخچە دەستکردەکان، شار و گوندەکان، سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، .....تاد) ؛ بۆیە ((دەتوانین لە ڕێگەی پەرەسەندنەوە سەیری بکەین لەوەوە، کە چۆن مرۆڤ ژینگە سروشتییەکەی گۆڕیوە و خستوویەتییە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و خزمەتی پێداویستییەکانی خۆی پێدەکات؛ بۆیە بەکارهێنانەکانی زەوی بۆ چالاکییە کشتوکاڵییەکان، پرۆسەکانی پشکنین بەدوای کانزاکاندا، چالاکییە پیشەسازییەکان بەشێکی گرنگی ژینگە دروستکراوەکانن)) (س، پ:هەمان لاپەڕە).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژینگەی مرۆیی بەردەوام سود لە ژینگەی سروشتی دەبینێت و بەردەوام لە فراوانبووندایە؛ بۆیە دەتوانین بڵێین ژینگە مرۆییەکە لە ئەمڕۆدا زاڵترە و زیاتر لەبەرچاوە لەچاو ژینگە سروشتییەکە واتا فێرخوازان زیاتر ئاشنان بە ژینگە مرۆییەکە، ئەم بنەمایە کاردەکات بۆ ناسینی هەردوو جۆری ژینگەکە و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوانیاندا.

**ب-ناساندنی کێشە ژینگەییەکان**

کێشە ژینگەییەکان لە سەردەمی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و تەکنەلۆژیادا بوونەتە پرسێکی هەنووکەیی، خۆیان خزاندووەتە ناو هەموو بوارەکانەوە، لەپڕۆگرامەکانی خوێندنی کوردی، بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتی، پێویستە سیستەم و کێشە ژینگەییەکان بە شێوەیەکی گونجاو باسبکرێن و تیایاندا قوتابی بتوانێت ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە، ئەم کێشە ژینگەییانە لە ئەنجامی تێکچوونی سیستمی ژینگەیی سەرچاوە دەگرن، کە ((کۆمەڵێك توخمی زیندوو و نازیندوو کە بەیەکەوە تەواوکراو و کارلێکراو و لەگەڵ یەکتری کاردەکەن، دیارنەمان و ئامادەنەبوونی هەر توخمێك لەو توخمانە نێگەتیڤانە کاردەکاتە سەر سیستەمەکە))(عەجورە، 13:2014). لە پڕۆگرامی خوێندنی کوردی بەتایبەتی قۆناغی بنەڕەتی، تیایاندا منداڵان ناتوانن درك بەو چەمك و واتا قووڵانەی کێشە ژینگەییەکان بکەن. (کەیفی ئەحمەد) نوسەری بواری ئەدەبی منداڵان پێی وایە ((ئەوانەی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا کاردەکەن، پێویستە زۆر ورد و شارەزا و ئاگاداری پێویستییەکانی ئەو قۆناغە بن، لەکاتی هەڵبژاردنی دەقەکان و کارە ئەدەبییەکاندا، بۆ هەر تەمەن و قۆناغێك بەپێی ئەوەی گونجاو و تایبەتە پێیان لەگەڵ سروشتی هەریەکەیان بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەی لە پێناویدا تێکۆشاوین بێنەدی، بەهۆی ئەنجامدانی ئەو چالاکییە لەڕووی فێرکردن و پەروەردەدا))(عەبدولقادر،20:2021).

**پ-پۆلێنکردنی کێشە ژینگەییەکان**

هەموو ئەو کێشە ژینگەییانەی کە هەن وەك پیسبوونی ئاو و هەوا و خاك، پێویستە پۆلێنێکی دروستیان بۆ بکرێ لە پڕۆگرامەکانی خوێندنی کوردیدا، هاوسەنگی لەنێوانیان دا هەبێت، ئاماژە

بەهەموویان بدرێت، بەهەمان شێوە دەبێ منداڵ فێربکەن، کە ژینگە سروشتییەکەیان خۆش بوێت و پارێزگاری لێبکەن؛ چونکە پیسبوون و لەناوچوونی ژینگە سروشتییەکە واتا لەناوچوونی ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژین، ئەوەش پێویستە لە گەشت و سەیرانەکانی قوتابخانەدا یان لەناو ژینگەی دەرەوەی قوتابخانەدا بۆیان ڕوون بکرێتەوە، ئەوەی لەو قۆناغەدا منداڵ درکی پێدەکات زیاتر ئەو شتانەیە کە ڕۆژانە بەرچاوی دەکەوێت وەك (خواردنی سەردانەپۆشراو، ئاوی پیس، بۆنی ناخۆش، ژینگەی دەروونی خراپ لەلایەن خێزانەوە.....تاد). منداڵ لە تەمەنی 3-5 ساڵی لە واقعێکی خەیاڵی سنورداردا دەژیت، لە تەمەنی 6-8 ساڵیدا بەرەو قۆناغی خەیاڵ فراوانی دەچێت (ئەحمەد،2006:9-11). ئەو خەیاڵ فراوانییە قۆناغی چوونە قوتابخانە دەگرێتەوە، کە منداڵ تیایدا زیاتر بە وێنە دەتوانێت درك بە شتە بەرجەستەکانی دەوروبەری بکات پاشان بە وشە و چەمکە سەرنجڕاکێشەکان دەتوانێ سەرنجی بچێتە سەر پەیامی دەقەکان هەروەها دەکرێ جۆر و کێشە ژینگەییەکان بەشێوەیەك پۆلێنکارییان بۆ بکرێت لە دەقەکاندا، کە منداڵ بتوانێ بیانناسێتەوە و بزانێ کە:

-ئاو چییە؟ پیسبوونی ئاو چییە؟

-هەوا چییە؟ پیسبوونی هەوا چییە؟

-خاك چییە؟ پیسبوونی خاك چییە؟

-ژینگەی ماڵ و ژینگەی قوتابخانە؟

## ت- دۆزینەوەی چارەسەر بۆ پرسی کێشە ژینگەییەکان

دەقە ئەدەبییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا پێویستە ڕۆڵیان هەبێ لە وروژاندنی پرسە ژینگەییەکان، لەهەمانکاتدا قوتابی بتوانێ لەڕێی ئەو دەقانەوە چارەسەر لەئاستی تەمەنی خۆیەوە بدۆزێتەوە، لەبەرئەوە هەموو ئەوانەی، کە پرۆگرامەکانی خوێندن دادەنێن ((دەبێت ئاگاداری گۆڕانکارییە دراماتیك و خێراکانی ژیان بن و بەردەوام لەهەوڵی دەمەزەردکردنەوە و دووبارە پێداچوونەوەی پرۆگرامەکان بن؛ لەبەرئەوەی ئەو ئامانجانەی پێش بیست ساڵ دانراون، بۆ ئەمڕۆ ناگونجێن))(قەرەچەتانی، 34:2008)). بە پیشاندانی کێشە ژینگەییەکان، بنەمای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دۆزینەوەی چاەسەر بەدی دێت لەلایەن قوتابییەوە، ئەوەش بە وروژاندنی چەند پرسێك لە دەقەکاندا، کە لەئاست تەمەنی ئەودابن یاخود بە خستنەڕووی هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کەرەستە و کەل و پەلەکانی دەورووبەری خوێندکار و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتری بەم شێوەیە:

| کێشە ژینگەییەکان | دەرئەنجام | چارەسەر |
|---|---|---|
| پیسبوونی جەستە | نەخۆشکەوتن | پاک و خاوێنی جەستە |
| فڕێدانی پاشماوە و کەلوپەل | تەندروستی و ژینگەی داهاتوو | پاراستنی ژینگە |
| ژینگەی خێزانیی ناتەندروست | تێکچوونی ژینگەی دەروونی | ژینگەیەکی تەندروستی خێزانیی |
| ئازاردان و ڕاوکردنی باڵندە و گیانلەبەران | تێکدان و ناشرینکردنی سروشت | پاراستنی باڵندە و گیانلەبەران |
| نەریتی بەدوژمنکردنی سروشت | لەناوچوونی ژینگەی سروشتی | خۆشەویستی بۆ ژینگەی سروشتی |

هێڵکاری کێشە ژینگەییەکان و دەرئەنجام و چارەسەر

### 3.3.1 ڕەگەزەکانی ژینگە لە پڕۆگرامی بنەڕەتی کتێبی خوێندنی کوردی

ژینگە لە چوار ڕەگەزی سەرەکی پێك دێت ئەوانیش (ئاو، هەوا، خاك، ئاگر)ن، کە زانستی ژینگە (Ecology) بەدواداچونیان بۆ دەکات، ژینگە ((ئەو زانستەیە شرۆڤەی بارودۆخەکانی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵە ڕووەکەکان و ئەو گیاندارانە دەکات، کە تیایدا دەژین))(بەلبەع،25:2013).
ڕەگەزە ژینگەییەکان بناغەی کارکردن و بەدواداچوونی ڕەخنەی ئیکۆلۆژین، لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا بە ڕێژەی جیاواز ڕەگەزەکان لە خۆیان دەگرن بە تایبەتی لە دەقە ئەدەبییەکانی ناو پڕۆگرامی کتێبی خوێندنی کوردی جگە لە ڕەگەزی (ئاگر)، کە هیچ ئاماژەیەکی سەرەکیی پێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەکراوە بەراورد بە ڕەگەزەکانی دیکە، کەواتا لە پرۆگرامەکاندا تەنیا هەرسێك ڕەگەزی (ئاو، هەوا، خاك) دەبینرێن، ئەم ڕەگەزانە پێویستییان بە گرنگیپێدانی زیاترە لەوەی، کە دەبینرێن لە ناو پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن، کە ئەمانەن:

**ا-ئاو:** ڕەگەزێکی سەرەکی ژینگەیە، هۆکاری سەرەکی ژیانی زیندەوەر و ڕووەکە، ((ڕووبەرە ئاوییەکان ڕێژەیەکی گەورەی گۆی زەوی داگیردەکەن، کە دەگاتە نزیکەی 80% کۆی ڕووبەری زەوی، دابەش دەبن بەسەر ئاوی سوێر، کە 97%ی دەریا و زەریاکان دەگرێتەوە، بەڵام ئاوی سازگار کە لە ڕووبار و دەریاچە و ژێر زەوی دایە تەنیا 3% پێك دێنێت))(عەجورە،40:2014).

ئەم ڕەگەزە گرنگەی ژینگە ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە لە دەقەکاندا ئەوەش ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانە بەتایبەتی لە ئێستادا، کە قەیرانی کەم ئاوی و کەم بوونەوەی باران و بەفر لە وڵاتەکەمان دا لە ئارادایە. ئەوەی، کە پێویستە لە دەقە ئەدەبییەکانی ناو پرۆگرامەکان زیاتر گرنگی پێبدرێت لەوەی، کە هەیە ئەویش بە دەوڵەمەندکردن و بایەخدان بەم ڕەگەزە بەمەبەستی دانانی کاریگەریی لەسەر فێرخوازبەم شێوەیە:

1-منداڵ لەڕێی دەقەکانەوە بزانێت، کە ئاوسەرچاوەی ژیانە بۆ مرۆڤ گیانلەبەران و ڕووەك.

2- پارێزگاری کردن لێی و بەفیڕۆنەدانی بکرێتە ڕەفتار لەلای قوتابی لەڕێی دەقەکانەوە.

3-ئاو وەك ڕەگەزێك تەنیا لە بەرژەوەندی مرۆڤ و تەندروستی مرۆڤ زیاتر چڕکراوەتەوە لە دەقەکاندا؛ بۆیە پێویستە لە بەرژەوەندی پێکهاتەکانی تری ژینگەش بایەخی پێ بدرێت و باسبکرێت.

4-هاوسەنگی ڕابگیردرێت لە باسکردنی ئەم ڕەگەزە لەدەقەکاندا لەنێوان جوانی و سوودەکەی، چونکە لە دەقەکان کەمتر بەلای جوانیی و ئەو دیمەنە دڵڕفێنانەدا چوون، کە ئەم ڕەگەزە پیشانی دەدات.

5-دەقەکان گشتگیربکرێن بەوەی فێرخوازان لەڕێیانەوە درك بە سود و زیانی ئاو بکەن.

**ب- هەوا:** ڕەگەزێکی دیکەی سەرەکی ژینگەیە، کە (( بەگرنگترین ڕەگەز و پێکهاتەی ژینگە دادەنرێت، گەرچی زۆرترین و هەرزانترین ڕەگەزە، بەڵام لە ڕاستیدا بەبەهاترینیانە))(س،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پ:55). هەوا توخمێکە، کە هیچ زیندەوەرێك ناتوانێت بۆ ماوەیەکی کەمیش دەستبەرداری بێت، لە ڕوانگەی کەشوهەواوە تەشەنەسەندنی پێشکەوتنەکانی سەردەم و نەبوونی پلان لە بەڕێوەبردنیاندا ڕەنگە لە داهاتوودا ببنە هۆی پیسبوونی هەوای وڵاتەکەمان وەك دوکەڵی کارگەکان و ژمارەی زۆری ئۆتۆمبێل و تێکەڵبوونی شوێنە پیشەسازییەکان لەگەڵ ژینگەی شارەکان، تەشەنەسەندنی ماددەی هۆشبەر و دوکەڵی جگەرە و نێرگەلە و ڤەیپ بەتایبەتی لە نێو مێردمنداڵاندا، کە بوونەتە مەترسییەکی ڕاستەقینە لەسەر کۆمەڵگای کوردی، نوسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان دەتوانن بەسود وەرگرتن لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و پەیڕەوکردنی لەناو دەقەکاندا ئاوڕ لەم بابەتە بدەنەوە و منداڵان لەو ئاڕاستە خراپانە دووربخەنەوە، بەمەرجێك، کە بابەتەکان بوون بەدیاردە، نەوەك نوسەری دەقێك باس لەبابەتێك بکات کە نەبووبێتە دیاردە و بە منداڵانی بناسێنێت، ڕەگەزی ئاو زیاتر ئاماژەی ڕاستەوخۆی لە چاو ڕەگەزەکانی دیکە لەو دەقانەدا پێدراوە، بۆیە پێویستە دەقە ئەدەبییەکانی پرۆگرامی خوێندن زیاتر بایەخیان پێبدرێت و دەوڵەمەندتربکرێن بەم ڕەگەزە هاوشانی ڕەگەزی ئاو، بەم شێوەیە:

1- ناساندنی هەوا لەڕوانگەی جەستەیی و فیزیکییەوە، کە ئەم لایەنە کەمتر بەدی دەکرێت لە دەقەکاندا.
2- ڕۆڵ و گرنگییەکەی لە ژیانی مرۆڤ و گیانلەبەران و ڕووەکدا، کە هیچ زیندەوەرێك ناتوانێت بۆ ساتێکی کەمیش بێت بەبێ ئەم ڕەگەزە بژیت.
3- دەقەکان بە ئاڕاستەی دوورخستنەوەی منداڵ کاربکەن لەو شوێنانەی کە هەوای ژینگەکەی پیس بووە بە ماددەی ژەهراوی و دوکەڵی کارگەکان.
4- ڕوونکردنەوە و پیشاندانی زیانەکانی پیسبوونی هەوا بە دەقی وێنەیی یان نوسراو.
5- بەرزکردنەوەی هۆشیاری منداڵ بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە بۆنەکانی جەستە و سپرا و بۆنە کیمیاییەکان.
6- هاندانی منداڵان بۆ چاندنی نەمام و گرنگی دان بە سەوزایی و گرنگییەکەی لە خاوێن کردنەوەی هەوا، کە جێگای خۆشحاڵییە لە چەند دەقێکدا گرنگی بەم لایەنە دراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7- دروستکردنی هەستی بەرپرسیارییەتی لەلای منداڵ بە پیس نەکردنی هەوای ژینگەکەی بە نەکردنەوەی ئاگر بە پاشماوەکان و بڵاونەکردنەوەیان.

**پ-خاك:** ڕەگەزێکی دیکەی ژینگەیە، کە (( یەکێکە لە توخمە نازیندەکانی ژینگە و بەتەنیا لە ڕووی جۆر و پێکهاتن و پێکەوەلکانی بە توخمەکانی ترەوە بایەخی پێدەدرێت و باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، بەڵام پەیوەندییەکانی بە توخمە زیندەکانی ژینگەوە لەڕێی ئەو کارلێکردنانەوە دەبێت لە نێوان کارتێکەرەکانی و ڕەوشتی زیندەوەرانی هەمان ژینگەوە ڕوودەدات))(بەرزنجی، 192:2022). ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە پاڵ هاندانی نوسەران بۆ ڕوونکردنەوەی گرنگی و بایەخی خاك لای منداڵان، نوسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵانیش هان دەدات، کە بابەتی پیسبوونی خاك جێگابکەنەوە لە دەقەکانیاندا؛ چونکە لەم سەردەمەدا ناکرێ خاك تەنیا وەك ڕوانگەیەکی نەتەوەیی گرنگی پێ بدرێت یان پێیداهەڵبگوترێت، بەڵکو دەبێ ئاماژە بەو مەترسییە ژینگەییانە بکرێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کە دەبێتە هۆی پیسبوونی خاك، لە دەقە ئەدەبییەکانی ناو پرۆگرامەکانی خوێندندا ئەم ڕەگەزە هاوشێوەی ڕەگەزی هەوا کەمتر باسی لێوەکراوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەم ڕەگەزە لە ژێر چەتری پاشماوەکان و پیشەسازی و کارگەکان و پیسبووندا بە فێرخواز ناسێندراوە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ و کاریگەر باسنەکراوە؛ بۆیە پێویستە بەم شێوەیە گرنگی بەم ڕەگەزە بدرێت:

1- ناساندن و دەرخستنی خاك و گرنگییەکەی لە ژیانی مرۆڤ و گیانلەبەر و باڵندە و ڕووەکدا.
2- ئاماژە بەوە بدرێت، کە خاك و دارودرەخت سەرچاوەی پاراستنی یەکترین.
3- پاراستنی خاك بە چاندنی نەمام و سەوزایی، کە ئەم لایەنە زیاتر گرنگی پێدراوە لە ڕوانگەی ڕەگەزی هەوادا.
4- پیشاندانی خاکی سروشتی و ژیانی گوندەکان؛ چونکە منداڵ حەزی لە ژیانێکی سادە و مامەڵەکردنە لەگەڵ کەرەستە سروشتییەکان، کە لە ناو دەقەکاندا کەمتر ئەم لایەنە بەدیدەکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2. ڕەهەندە ژینگەییەکان لە کورتیلە چیرۆکەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی (1-4)

چیرۆک لە ئەدەبی منداڵاندا یەکێکە لەو جۆرەی گێڕانەوە، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیاندنی بیر و پەیامەکان ئەم ژانەرە لە ئەدەبی منداڵاندا پێی دەگوترێت چیرۆکی منداڵان، کە ((نووسینێکە بۆ منداڵ بە شێوەی پەخشان، بە مەبەستی ڕۆشنبیرکردنی منداڵە، واتا گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکە، کە بە سەر چەند کەسێکی دیاریکراودا دێن و تێدەپەڕن لە کات و شوێنی دیاریکراودا کەسایەتییەکانیش ڕەنگە ئادەمیزاد یان ئەفسانە بن، یاخود سەر بە جیهان گیانداران یان بێ گیان بن، ئەمانەش گشتی بە مەبەستی دروستکردنی کەسایەتییەکی ڕێکوپێک و جوانە بۆ منداڵ))(حوسێن،139:2020). ئەو چیرۆکانەی، کە تایبەتن بە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتیدا پێیان دەوترێت کورتیلەچیرۆك؛ چونکە هەڵگری هەمان بنەمای کورتیلەچیرۆکن، کە لەلایەن (جۆن بارت)ەوە دیاریکراون، کە بریتین لە بوونی وشەی کورت و بچکۆلە، ڕستە و پەڕەگرافی کورت، کەسایەتی دیاریکراو، کردەوە و دژەکردەوە، بارستایی دیاریکراو.(حمدامین و سەعید،333:2024). (ئازاد محەمەد) لە نامەی ماستەرەکەیدا لە پێناسەی کورتیلەچیرۆکدا پێی وایە کە، (( شێوازێکی تازەترە لە کورتەچیرۆك و بە گەشەسەندنێکی هونەری چیرۆك دادەنرێت، لە تواناداپە هونەری کورتیلەچیرۆك بە بچوکی قەبارە و دێژییەکی دیاریکراو، خێرایی ڕەوتی گێڕانەوە، بە سادەیی ڕستە و وشەکان، کورتبێژی لە دەربڕیندا و هاوڕێ لەگەڵ مامەڵەکردنێکی تایبەتدا لە مەزراندنی شوێن و کەسایەتییەکاندا لە جۆرەکانیتر جیابکرێتەوە))(س، پ:321). ئەو کورتیلە چیرۆکانە بە پێی تەمەن و ئەو قۆناغەی، کە منداڵ تیایدایە دادەنرێن، دونیای منداڵان و خەون و خەیاڵەکانیان لە خۆدەگرن. نوسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان پێویستە لە دانانی چیرۆك و بەرهەمە ئەدەبییەکانی تایبەت بە منداڵان ڕەچاوی قۆناغەکانی گەشەسەندنی منداڵان بکەن. نوسەری عەرەب (نعمان الهیتی) بەم شێوەیە قۆناغەکانی دابەشکردوون:

1- قۆناغی ڕیالیستی و ئەندێشەی سنوردار (نزیکەی 5-8) ساڵان.
2- قۆناغی ئەندێشەی ڕەها ( نزیکەی 6-8) ساڵان.
3- قۆناغی پاڵەوانێتی ( نزیکەی 9-12) ساڵان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- قۆناغی ئایدیالی (نزیکەی 12-15) ساڵان (صبری،2010: 18).

هەریەکێك لەم قۆناغانە داواکاری و حەز و ئارەزووی منداڵ لەخۆی دەگرێت، لە قۆناغەکانی خوێندندا بە ڕەچاوکردنی ئەو قۆناغانە (( دەبێ چیرۆکنووسی منداڵان هەوڵی ئەوە بدات، ئەو چیرۆکانەی بۆ ئەم قۆناغە دەنوسێت لەگەڵ حەز و ئارەزووی ئەواندا بگونجێت و ئەو دیاردانەش، کە باسی لێوەدەکات دەبێ بە شێوازێکی زانستی و لۆژیکی شییانبکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر هاتوو (مۆتەکە و دێو و درنج و کورتەباڵاکان) بکاتە کەسایەتیی و پاڵەوانی ناو چیرۆکەکانی چونکە منداڵان زۆر حەز بەو بابەتانە دەکەن هاوشانی ئەوە پێویستە بۆیان بسەلمێنێت، کە ئەم ڕووداو و کەسایەتییانە ڕاستەقینە نین و تەنیا چیرۆکن))(س، پ:161).
ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی هاوسەنگیی بیری منداڵان لە نێوان جیهانی ڕاستەقینە و خەیاڵییدا. سەربارەی هەبوونی چەند سەرنجێك لەسەر دەقە چیرۆکییەکانی ناو پڕۆگرامەکانی خوێندن، کە لە بەشی پراکتیکدا ئاماژەیان پێکراوە، ئەم دەقانە پێویستە لە ڕووی ئەم تایبەتمەندییانەوە گەشەیان پێبدرێت:

1- دەقە چیرۆکییەکان پێویستە کەشێکی دەروونی گونجاو بۆ منداڵان بڕەخسێنن.
2- بایەخدانی زیاتر بە ژینگەی سروشتی و دیاردەکان وەك (مانگ، خۆر، ئەستێرە.....)، کە بەردەوام منداڵ کاریگەرە پێیان.
3- گرنگیدان بە وشە و زاراوەی ڕوون و گونجاو بەبێ بوونی هیچ لێڵییەك تیایاندا.
4- دوورکەوتنەوە لە ئەمر و نەهی (ئەمە بکە و ئەوە مەکە) بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئاڕاستەی منداڵ بکرێن.
5- بایەخدانی زیاتر بە زانستەچیرۆك و سودوەرگرتن لە گیاندارانی ماڵی و کێوی ((صلیوە و خامۆش،2022:59-60).
6- گرنگیدانی زیاتر بە چیرۆکی وێنەیی، کە دەبێتە هۆی فراوانکردنی بیری منداڵان، بەتایبەتی لە بابەتە ژینگەییەکان.

ئەو کورتیلەچیرۆکیانەی، کە بابەتە ژینگەییەکان لەخۆیان دەگرن لە ناو پڕۆگرامی کتێبەکانی خوێندنی کوردی لە پۆلی یەکەمەوە بۆ پۆلی چوارەم، ڕێژەیەکی بەرچاویان هەیە، کە نیوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆی گشتی کورتیلەچیرۆکەکانن، کە هەڵگری ڕەهەندی ژینگەیین و دەتوانرێت بە ئاڕاستەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی خوێندنەوەیان بۆ بکرێت.

## 1.2 جۆر و بنەما و ڕەگەزەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە کورتیلەچیرۆکەکاندا

کورتیلەچیرۆکەکان بەم شێوەیە ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە خۆیان دەگرن:

جۆری یەکەمی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی (ئیکۆلۆژیای قووڵ) ڕەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی هەیە لە دەقە چیرۆکییەکاندا، کە زۆربەی دەقە ژینگەییەکان ئەم جۆرەیان لەخۆیان دەگرن، لە زۆربەی ئەو دەقانەدا مرۆڤ تیایاندا سەنتەرە بەوەی، کە هەم سەرچاوەی پیسکردن و تێکدانە هەم سەرچاوەی پاراستن و پاڵەوانی ژینگەییە بۆ نمونە لە چیرۆکی (سەیران) لە پۆلی سێیەم-وەرزی دووەم دا، لە ڕووی جۆرەوە ئیکۆلۆژیای قووڵ لە خۆی دەگرێت، لەم دێڕەدا **(زۆر گەڕاین، شوێنێکی پاک و خاوێنمان دەستنەکەوت، هەموو ژێر دارەکان و کەناری ڕووبارەکەش پڕبوون لە پاشماوەی فڕێدراو)** تێڕامان و وردبوونەوە لەو ژینگەیەی، کە هەڵیانبژاردووە بە مەبەستی ئەنجامدانی گەشتەکە، کە ژینگەیەکی پیسبوو بووە بە پاشماوەکانی مرۆڤ لەناو دار و درەختەکاندا، تەنانەت ئاوەکەشی پیس کردووە، **(ئارین: زۆرمان پێ ناخۆش بوو، لەژێر دارەکاندا ئاگریان کردبووەوە و لق و چڵەکانیان شکاندبوو)** کردەی تێڕامانەکە لە ژینگە پیسبووەکە بەردەوامی هەیە، کە چۆن ئەو ژینگەیە لە بەخشینی ئەو دیمەنە جوانانە لە ئەنجامی فڕێدانی ئەو پاشماوانە، ژینگەکەی بە تەواوی ناشرین کردووە، جیا لە فڕێدانی پاشماوەکان، کردنەوەی ئاگر لەژێر دارەکان و شکاندنی چڵی دار و درەختەکان زیانێکی تر بوون، کە بە ژینگەی ئەو شوێنە گەیەنراون لە پاڵ کردەی تێڕامان لە ژینگەی ئەو شوێنە، **(کەژێ: خۆشترین شت بە لای منەوە، سەیرکردنی خاڵخاڵۆکە و پەپوولەی باڵنەخشین و گوێگرتن لە دەنگی باڵندەکان و خوڕە و هاژەی ئاوی ڕووبارەکە بوو)** هەمیشە سروشت و دیمەنەکانی مایەی دڵخۆشین بۆ منداڵان، کە هەستی کەژێیە بە بینینی دیمەنە سروشتییەکان و دەنگی باڵندەکان وە ئەوەش گوزارشت لە هەستی هەموو مرۆڤێك دەکات لەکاتی چوونی بۆ

ناو سروشت، لەگەڵ ئەمانەشدا چەند سەرنجێك بەدی دەكرێن لەسەر دەقەكە و وێنەی پاڵ دەقەكە:

1- پیشاندانی ژینگەیەکی پیسبوو لە ئەنجامی فڕێ دانی پاشماوەکان، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوە لە بیرکردنەوەی قوتابیدا دەچەسپێت، کە هەمیشە ژینگەیەکی پیسبوو هەیە پێویستی بە خاوێنکردنەوە هەیە.

2- وێنەی پاشماوەکان، کە لە چەند دەقێکی دیکەشدا دووبارە بوونەتەوە، وەك:( خواردنەوە گازییەکان)، کە لە قوتابخانەکان دا قەدەغەکراون لە بەر هۆکاری تەندروستی، ئەم وێنانە سەرنجی قوتابی ڕادەکێشن؛ چونکە قوتابی لەو قۆناغەدا زۆر کاریگەرە بە وێنە.

بنەماکان لەم دەقەدا بە ناسینی ژینگە دەست پێدەکەن، کە لە بەشی یەکەمی چیرۆکەکەدا **(تارا: ئێمە لە نەورۆزدا لەگەڵ ماڵی پورم چووین بۆ سەیران)** ناساندن بۆ ئەنجامدانی گەشت و سەیرانێک کراوە، کە زیاتر لە ژینگەی سروشتیدا ئەنجام دەدرێت، دێڕەکانی دواتر**(زۆر گەڕاین، شوێنێکی پاک و خاوێنمان دەستنەکەوت، هەموو ژێر دارەکان و کەناری ڕووبارەکەش، پڕ بوون لە پاشماوەی فڕێدراو؛ بۆیە هەمووومان بڕیارماندا ژێردارێکی گەورە لە پاشماوە بەجێماوەکان پاکبکەینەوە)** ناساندن کراوە بۆ ژینگەیەکی نەگونجاو و پیس بوو بە پاشماوەکان، لەگەڵ بینینیدا کارلێکی خێزانەکە بە ژینگەی سروشتی، ژینگەیەکی پیس بوو بە فڕێدانی پاشماوە و خۆڵ و خاشاک هاتووەتە بەرچاویان. بنەمایەکی تر بریتییە لە ناسینی کێشە ژینگەییەکان، دەقەکە پڕە لە دەرخستنی کێشە ژینگەییەکان بۆ نموونە: **(زۆر گەڕاین، شوێنێکی پاک و خاوێنمان دەستنەکەوت، هەموو ژێر دارەکان و کەناری ڕووبارەکەش، پڕ بوون لە پاشماوەی فڕێدراو)** ئاماژە بە کێشەی پیسبوون کراوە لە ئەنجامی فڕێدانی پاشماوەی کەلوپەل و خۆڵ و خاشاك، کە ژینگەی ئاویشی گرتووەتەوە، ئەم دیاردەیە، دیارترین ئەو کێشە ژینگەیییانەیە، کە بەرۆکی ژینگەی سروشتی گرتووەتەوە، لە دێڕێکی دیکەدا **(ئارین: زۆرمان پێ ناخۆش بوو، لەژێر دارەکاندا ئاگریان کردبووەوە و لق و چڵەکانیان شکاندبوو)** ئاماژە بە دوو کێشە و گرفتی تری ژینگەیی کراوە، ئەوانیش ئاگرکردنەوە و سووتاندنی دار و درەختەکانە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها شکاندنەوە و بڕینی دار و درەختە لە لایەن مرۆڤەوە، ئەم گرفتانە کاریگەرییان نەک هەر بۆ مرۆڤ، بەڵکو بۆ سەر گیانلەبەر و زیندەوەرانی دیکەش هەیە، گرفتێکی تر **(ئێمە بۆ سەیران زۆر کەم قاپ و کەوچکی پلاستیکیمان بە کار دەهێنا؛ چونکە دەمانزانی کە خاکپیس دەکەن، خاکی پیسیش بەروبوومەکەی ژەهراوییە و زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت)** بەکارهێنانی پاشماوە و قاپ و کەوچکی پلاستیکی لە گەشت و سەیرانەکاندا باون؛ چونکە بە یەک جار بەکار دەهێنرێن و فرێ دەدرێن، ئەمەش ئەگەری پیسبوونی ژینگە زیاتر دەکات، بەتایبەتی لە شوێنە سروشتییەکاندا، کە ژینگە پارێزانی میری بە ئاسانی دەستیان پێ ناگات، مانەوەی ئەو مادده پلاستیکی و زیانبەخشانە دەبێتە هۆی ژەهراویبوونی خاک و زیانی تەندروستی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها ئاژەڵان توشی مەترسی دەبنەوە بە هۆیانەوە. بنەمایەکی تر پۆلێنکردنی کێشە ژینگەییەکانە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ناسینی جۆری کێشە ژینگەییەکان لەدەقەکەدا ئاماژە بە هەریەکە لە کێشەی پیسبوونی (ئاو، هەوا، خاك، دارودرەخت) کراوە، بنەمایەکی تر دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ پرسی کێشە ژینگەییەکان، چارەسەرەکان لەم دەقەدا بە چەند جۆرێک باس کراون، یەکەم هەنگاوی چارەسەرەکە **(دایکم بە وردی دەستی بە پاککردنەوە کرد، ئێمەش هەموو هاوکاریمان کرد)** سەرەتا ئەو شوێنەی، کە گەشتەکەی تێدا ئەنجام دراوە و لێی دانیشتوون پاک کراوەتەوە بە شێوەیەکی هەرەوەزی، هەنگاوی دووەم **(باوکم لەسەر پارچە کارتۆنێک بە گەورەیی و خەتێکی جوان نووسی: (ئەرکی سەرشانی هەمووومانە، نیشتمانی خۆمان خۆش بوێت و ژینگەکەی بپارێزن)** یەکێک لە چارەسەرەکانی تر، هەڵواسینی ڕێنمایی و هۆشیاری پێدانی ژینگەییە لە شوێنە گەشتیاری و سروشتییەکان، کە وا دەکات کردەی پارێزگاری لە ژینگە باشتر بەڕێوە بچێت، هەنگاوی سێیەم **(ئێمە بۆ سەیران زۆر کەم قاپ و کەوچکی پلاستیکیمان بە کار دەهێنا؛ چونکە دەمانزانی کە خاکپیس دەکەن)** بەکارنەهێنانی کەلوپەلی پلاستیکی یەکجار بەکار هاتووە، کە بەکارنەهێنانیان وا دەکات ئەگەری پیسبوون کەمتر بێتەوە، هەنگاوی کۆتایی لە چارەسەرکردنی ژینگەی پیس بوو بە پاشماوەکان**(پێش گەڕانەوەمان، دەستمان بە کۆکردنەوەی پاشماوەکان کرد و لە جێگای تایبەتی دیاریکراودا دامانا، بۆ ئەوەی کارگوزارانی شارەوانی بە ئاسانی هەڵیانبگرنەوە)**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێتە هۆی پاراستنی ژینگە و هاوکاری کردنی ژینگەپارێزانی میری، بە مەبەستی کارئاسانی کردن بۆیان لە فڕێدانی پاشماوەکان.

ڕەگەزە ژینگەییەکان لە دەقەکەدا دەربارەی پیسبوونی خاکە، کە لە ئەنجامی فڕێدانی پاشماوە و خۆڵ و خاشاک ئەم پیسبوونە ڕوو دەدات، هەروەها باس لە کێشەی پیسبوونی ئاویش کراوە بە ڕێژەیەکی کەمتر لە دەقەکەدا، **(هەموو ژێر دارەکان و کەناری ڕووبارەکەش، پڕ بوون لە پاشماوەی فڕێدراو)** هەرچی کێشەی پیسبوونی هەوایە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێکراوە، دەتوانین لەم بەشەدا بیدۆزینەوە **(ئێمە بۆ سەیران زۆر کەم قاپ و کەوچکی پلاستیکیمان بە کار دەهێنا؛ چونکە دەمانزانی کە خاکپیس دەکەن، خاکی پیسیش بەروبوومەکەی ژەهراوییە و زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت)** (عثمان و ئەوانی تر،22:2024-23). پیسبوونی هەوا لە پاڵ پیسبوونی خاکدا ئاماژەی بۆ کراوە؛ چونکە پیسبوونی هەریەکەیان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پیسبوونی ئەوی دیکەیان هەیە.

چیرۆکی (چاوشارکێ) لە پۆلی یەکەم-وەرزی دووەم دەقێکی ئیکۆفیمینیزمییە وەك جۆرێکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە لە سێ کەس پێک هاتوون، کە ئەوانیش (ڕاز و ئەژی) لە ڕەگەزی مێیینەن، (ڕەوا) ڕەگەزی نێرینەیە، لە دەقەکەدا **(ڕەوا ویستی لە پشت دارێکدا خۆی بشارێتەوە ......بێچووە چۆلەکە بگرێت)** لەم دێڕەدا کارەکتەری نێرینە وەک بەکارهێنەر و سەرچاوەی زیان گەیاندن بە سروشت وەسف کراوە، لە دێڕی دواتردا **(بەڵام ڕاز و ئەژی پێیان گوت: ڕەوا گرتن و ئازاردانی باڵندە کارێکی پەسەند نییە)** ڕاز و ئەژی وەک پاڵەوان و پارێزەری سروشت دانراون و ڕەوایان ئاگادار کردۆتەوە لە ئازارنەدانی چۆلەکە، لە بەشی کۆتاییدا **(بۆیە ڕەوا لە ڕەفتارەکەی پەشیمان بووەوە و.....)** لەم دێڕەدا ڕۆڵی ڕەگەزی مێینە باس کراوە، کە کاریگەری هەبووە لە گۆڕینی بیروڕای بەرامبەر سەبارەت بە سروشت و پێکهاتەکانی، بەکارهێنانی سروشت بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و چێژ وەرگرتن لە جوانییەکانی، ئەم دەقە بیری منداڵان بە ئاراستەی پاراستنی باڵندە کێوییەکان و پێکهاتەکانی سروشت دەوروژێنێت، کە بە گشتی لەم دەقەدا هەموو بەشەکان ئامانجی پاراستنی سروشتە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، لەم دەقە چیرۆکییەدا سەرچاوە و پارێزەری سەرەکی سروشت

ڕەگەزی مێینەیە، کە ڕاز و ئەژین؛ بۆیە دەقەکە دەتوانرێ بە ڕەخنەی ئیکۆفیۆنیزمی وەك جۆرێك لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

بنەماکان لەم دەقەدا بە ناسینی ژینگەی سروشتی دەستپێکردووە **(ڕاز و ڕەوا لەژێر دارچنارێك یاری چاوشارکەیان دەکرد، ڕەوا ویستی لە پشت دارێکدا خۆی بشارێتەوە)** دار و درەخت و سەوزایی هەمیشە مایەی سەرنجراکێشانی منداڵانن و حەزیان بە ژینگەی سروشتییە، ئەوەی وەك کێشەی ژینگەیی لەم دەقەدا سەیری دەکرێت **(سەیری کرد هێلانەی چۆلەکەیەك لەسەر دارەکەیە، خەریك بوو بچێتە سەر دارەکە و بێچووە چۆلەکە بگرێت)** دیاردەی ئازاردانی گیانلەبەران لە ئەمرۆدا و بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی زیاد لە پێویست، کە بووەتە مەترسی لە کەمبوونەوەی ژمارە و تێکدانی هاوسەنگیی ژینگەیی، هەرچی بنەمای پۆلێنکارییە بۆ کێشەکە لەم دەقەدا بەدی ناکەین، بنەمایەکی تر خۆی لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە ژینگەییەکە دەبینێتەوە، کە بریتییە لە : **(ڕەوا گرتن و ئازاردانی باڵندە کارێکی پەسند نییە.)**(مەحوی و ئەوانی تر،105:2024).

ڕەگەزە ژینگەییەکان لەم دەقەدا ڕەگەزی خاك بە ڕازاوەیی و جوانی دیمەنە سروشتییەکی ئاماژەی بۆ کراوە، هەرچی ڕەگەزەکانی دیکەیە ئاماژەیان بۆ نەکراوە.

دەقێکی وێنەیی بەناونیشانی (بەیتەری-ڤێرتێرنەری) لە پۆلی دووەم- وەرزی یەکەم، کە پێک دێت لە دوو وێنە و داوا دەکرێ کە قوتابییان خۆیان چیرۆکێک بۆ ئەو وێنانە دابنێن، لەم وێنانەدا، کە تیایدا گرنگی بە ئاژەڵان دراوە لە ڕووی یارمەتیدان و پاراستنەوە بەم شێوەیە:





(عثمان و ئەوانی تر،75:2024)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەی یەکەم، کە بریتییە لە وێنەی کوڕ و کچێک، هەروەها دوو ئاژەڵی ماڵی کە ناسراون لای هەموو منداڵێک ئەوانیش (سەگ و پشیلەن)، لە وێنەکەدا سۆز و میهرەبانییەک بەدی دەکرێ بەرامبەر ئەم دوو ئاژەڵە لەم دەقەدا ئازاردرانی گیاندارێکی وەکو سەگ دەبینین، کە تووشی ئازار بووە بە هۆی پاشماوەی مرۆڤەوە و بزمار چووە بە دەستیدا، دیاردەی ئازاردانی گیانداران گەلێک بەربڵاوە بە تایبەتی گیاندارانی ماڵی وەک سەگ و پشیلە و بێلانەکان؛ چونکە لەو شوێنانە دەژین کە نزیکن لە مرۆڤەوە یاخود شوێنی ژیانی مرۆڤەکانن؛ بۆیە زۆرتر لە هەر گیاندارێکی تر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، هەروەها بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە گیاندارانە بە شێوەیەکی زۆر نارێکو پێک لە ژینگەی شار و گوندەکاندا، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئازار بدرێن لە لایەن خەڵکییەوە، منداڵانیش بە لاساییکردنەوەی لە خۆیان گەورەتر ئەو ئاژەڵانە بە دوژمن دەزانن، دەقەکە ئامانجێکی باش دەگەیەنێت کە خۆی دەبینێتەوە لە هاوکاری و خۆشویستنی ئاژەڵان، لە وێنەی دواتردا چارەسەری سەگەکە پیشان دراوە لەلای دکتۆری تایبەت بە ئاژەڵان (ڤێرتەرنەری)، کە لە لایەن ئەو دوو منداڵەوە هاوکاری سەگەکە کراوە، کەواتە دەقەکە وێنەیەکە لە خزمەتی دوو ئاژەڵی ماڵییە کە (پشیلە و سەگ)ن، دەقەکە ئاراستەی بیرکردنەوەی قوتابی دەبات بە لای هاوکاری و پاراستنی ئاژەڵان و ئازار نەدانیان؛ بۆیە دەقەکە ئیکۆئاژەڵناسییە هەروەها منداڵانی ئەو قۆناغە حەز و ئارەزوویان بۆ ئەو جۆرە ئاژەڵانە هەیە، ئەم دەقانە پێویستن بۆ ئەوەی ئەم حەزانەی منداڵ بەرامبەر ئەو ئاژەڵانە بە لایەنی ئەرێنیدا بڕوات، لەگەڵ ئەمانەشدا چەند سەرنجێك بەدی دەکرێن لەسەر وێنەکان:

1-نزیکبوونەوەی منداڵان لەو جۆرە ئاژەڵانە وەك ئەوەی لە وێنەکاندا دەبینرێت مەترسی خۆی هەیە، کە هەندێ جار ڕووداوی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە.

2-لەباوەشگرتن و دەست لێدانی ئەو ئاژەڵانە بەو شێوەیەی، کە لە وێنەکاندا هەیە، دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر منداڵان لە ڕووی تەندروستییەوە.

بنەماکان لەم دەقە وێنەییەدا خۆیان دەبیننەوە لە ناسینی ژینگەکە، کە ژینگەیەکی دەستکردە هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ جۆرێك لە ئاژەڵی ماڵی وەك ( سەگ و پشیلە)، کە لەگەڵ ژینگە مرۆییەکەدا خۆیان گونجاندووە، بنەمایەکی تر بریتییە لە ناسینی کێشە ژینگەییەکان، کە خۆی

دەبینێتەوە لە فڕێدانی کەل و پەل و پاشماوەی زیانبەخش، کە دەبنە هۆی ئازاردان و زامدارکردنی مرۆڤ و گیانلەبەران هەروەها شێوازی بڵاوبوونەوەی ئەو ئاژەڵانە بە شێوەیەکی ناڕێکخراو، کە زۆرجار دەبنە مایەی مەترسی بۆ سەر مرۆڤەکان و بە پێچەوانەوە، سەرچاوەی ئەم کێشەیە بریتییە لەگۆڕینی ژینگەی ئەم جۆرە ئاژەڵانە و تێکەڵکردنیانە بە ژینگەی مرۆیی، بنەمایەکی تر پرسی چارەسەری کێشەکەیە، کە خۆی لە هاوکاریکردن و پاراستنی گیانلەبەران دا دەبینێتەوە، شێوازی چارەسەرەکە نەگونجاوە؛ لەبەرئەوەی منداڵان لەو تەمەن و قۆناغەدا توانای یارمەتیدان و چارەسەرکردنی ئاژەڵانیان نییە بەڵکو پێویستە لایەنی پەیوەندیدار هەڵبستێت بەو چارەسەرە.

ڕەگەزەکان لەم دەقەدا تیایدا بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئاماژە بە پیسبوونی خاك کراوە، بەهۆی فڕێدانی پاشماوە زیانبەخشەکان وەك کەلوپەل و مادده ڕەقەکان، کە سەرچاوەی ئازاردانی مرۆڤ و ئاژەڵانن، ڕەگەزەکانی تر هیچ ئاماژەیەکیان بۆ نەکراوە وەك هەوا و ئاو، کە تاڕادەیەك تێکەڵبوونی ئەو ئاژەڵانە لەناو ماڵ و شوێنە گشتییەکان کاریگەریی نەرێنی دادەنێت لەسەر ئەم دوو ڕەگەزە.

چیرۆکی (گەشتێك بۆ ماڵی داپیرە) لە پۆلی چوارەم -وەرزی دووەم، دیمەنێکی نایاب پیشانی منداڵان دەدات، کە بریتییە لە ژیانی گوند و ناساندنی بە قوتابییان، سەرەتای چیرۆکەکە ژیانی پڕجووڵە و ئیش و کاری خەڵکی گوندنشینان پیشان دەدات، کە جیاواز لە خەڵکی شار پێویستە، بەیانیان زوو لە خەو هەڵبستن و خەریکی ئیش و کار و بردنی مەڕ و ماڵات بن بۆ لەوەڕگاکان، ئەمەش وا دەکات زیاتر لە خەڵکی شار لەش ساغ بن، بە هۆی ئە و جووڵەیەی کە هەیانە زیاتر لە خەڵکی شارنشین، لە چیرۆکەکە (ژیر گوتی: **باوکە مەڕ لەکوێ ڕادەگیررێت؟باوکی وتی ئەوان مەڕەکان لە حەیارەکە یان لە تەیمانەکەدا دادەکەن ...**) باس لە ژیان و شوێنی مانەوەی مەڕ کراوە لە گوندەکاندا، هاوشێوەی ئاژەڵەکانی دیکە پشتی پێ دەبەسترێت بۆ خوری و شیر و ماست و گۆشتەکەی، کە شوێنێکی تایبەتیان بۆ دابین دەکرێ، کە پێی دەگوترێت (ئاغەڵ، حەیار، تەیمان)، درێژەی چیرۆکەکە (**دایکی گوتی: ئەمڕۆ کەش و هەوا زۆر خۆشە، دەتوانن بە ئاسودەیی لەگەڵ مامتان یاری بکەن...**)، ناساندنی کۆمەڵێک یاری کوردەوارییە، کە لە کۆندا لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیانی گوندەکاندا پێش پێشکەوتنی تەکنەلۆژی ئەم یارییانە دەکران، بە تەواوی تیایاندا پشت بە ئامرازە سروشتییەکان دەبەسترا وەک بەرد و دار، لەڕووی کلتورییەوە هەر نەتەوەیەك بەهۆی سروشتی ژیانی خاوەنی جۆری جیاوازن لەم یارییانە، کە پێش بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا و تێکچوونی سیستمی ژینگەیی گوندەکان باوبوون، پێداویستییەکانی ڕۆژانە و ئەو کەلوپەلانەی، کە لە ژینگەی گوندەکاندا پشتیان پێ دەبەسترا لە ژینگەی سروشتییەوە نزیکبوون و جیاوازبوون لە ژینگەی شارنشین، لە بەشی کۆتایی چیرۆکەکەدا **(باوکم بە باپیرەمی گوت: بابە گیان ئێمەش دامە و نۆڕسکێن و کولاوێن دەکەین...)**، ناوی کۆمەڵێک یاری دیکە هاتووە، کە تایبەت بووە بەگەورەکان، ئەم یاریانە سودێکی گەورەیان هەبووە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، بەشێکی تری چیرۆکەکە **(کام لەو خواردنانەتان بۆ ئامادە بکەم (گەنمەکوتاو، قەرەخەرمان،...)**(پەروەردە و خوێندنی باڵا،2024:70-71). ناساندنی کۆمەڵێک خواردنی ڕەسەنی کوردەواریە، کە لە ژیانی گوندەکان دا خواردنی سەرەکیی بوون، سوودێکی گەورەیان هەیە لە ڕووی تەندروستییەوە، کە زۆر پێویستن لە ئێستادا، بە تایبەتی گرنگە منداڵان حەز و ئارەزوویان بۆ ئەم جۆرە خواردنانە هەبێت، کە لە ژیانی گوندەکاندا پشتیان پێ دەبەسترا، ئەم دەقە دەقێکی ئیکۆشوانکارەییە بە هۆی پیشاندانی وێنە و تایبەتمەندییەکانی ژیانی گوند. کەواتا یاری و خواردنە کوردەوارییەکان و ئەو جلوبەرگانەی، کە تایبەتن بە خەڵکی گوندنشین بنەمایەکی کلتوری هەیە و تایبەتن بە نەتەوەیەکی دیاریکراو، بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی لە ئێستادا سیستمی ژیانی گوندەکانیشی گۆڕیوە لە خواردن و کەلەپەل و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی، کە لە کۆندا لە ژیانی گوندەکاندا هەبوون، کە ڕەنگە لە ئێستادا بەشێوەیەکی جیاوازتر خوێندنەوە بۆ ژیانی گوند و ئەو لایەنانە بکرێت، کە دەیبەستنەوە بە ژینگەی سروشتییەوە.

بنەماکان لەم دەقەدا ناسینی ژینگە سروشتییەکە دەگرێتەوە، کە ژینگەی گوندە، کە زیاتر بەلای ژینگە سروشتییەکەدایە، هەروەها بە درێژایی چیرۆکەکە ناساندن بۆ ئەو جۆرە ژینگەیە کراوە، بنەمایەکی دیکە کێشە ژینگەییەکەیە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەستی پێدەکرێت، ئەویش گەشتی خێزانەکەیە لە قەرەباڵغی و پیسیی ژینگەی شار بۆ ژینگەی پاکی گوند، ئەوەش لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسیارکردن و سەرسامبوون بە ژینگەی گوند دەردەکەوێت. ڕەگەزەکان لەم دەقەدا لە ژینگەی گوندەکاندا خۆیان دەبیینەوە، ئاو و هەوا و خاکی گوند جیاوازە لە هی شارەکان، کەمتر بەر لێشاوی ئەو پیسبوونە کەوتووە، کە ژینگەی شارەکانی گرتووەتەوە.

دەقی چیرۆکیی (ژینا و ژینگەھ) لە پۆلی چوارەم-وەرزی دووەم:

بەراوردکردنی ژینگەی گوند و شار و تێڕامان لە هەردوو ژینگەکە و دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی کە وایان کردووە ژینگەی شارەکان پاکژ نەبن لە چاو ژینگەی گوندەکان ئەوەیە: **(بەڵێ ل باژێران گێلە شۆک و زێدەبوونە مرۆڤان و دوکێلا ترۆمبێلان و موەلیدیێن کەهرەبێ و کارگەھ و جهێن پیشەسازی و ئەو ئاڤا پیسە دناڤ ئاڤرێژاندا درباز دبیت و تێکەلی گەلەک جۆرێن گلێشی دبیت و قەمانا وان لە هەندەک جهان گەلێک بێهنێن نەخۆش و گازێن زیانبەخش ژێ پەیدا دبن، هەروەسا کێمیا ڕێژەیا کەسکاتیێ و دار و باران ل ناڤ باژێران، ئەڤە هەمی پێکڤە دبنە ئەگەرێن پیس بوونا ژینگەها باژێران)** پیسبوونی هەوای شار بەو هۆکارانەی، کە لە دەقەکەدا باسکراون ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژینگە، کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ژینگە، شەڕ و جەنگەکان و بڕینی دار و درەختەکان و زیادبوونی شوێنە پیشەسازییەکان و جەنگی سەرمایەداری، کە هەموو ئەمانە لە ئەنجامی پەلهاویشتن و زیادەڕەوی مرۆڤە لە پێناو بەرزکردنەوەی کوالێتی ژیان، سەرباری ئەمانە پیسبوونی ژینگە بە دووکەڵ و پاشماوە کیمیایی و زیانبەخشەکان، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێ نەخۆشی ترسناک، کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا باون وەک: (شێرپەنجە، تەنگە نەفەسی، نەخۆشی سییەکان و هەندێک نەخۆشی پێست)، لە دەقەکەدا **(باب: شیرینا بابێ خۆ، دڤێت کارگەھ و جهێن پیشەسازی و ئەو تشتێن ژینگەها باژێری تێکددەن هەمی بهێنە ڤەگوهاستن بۆ جهێن گونجای و ژ دەرڤەی باژێری و رووبەرێن کەسکاتیێ و دار و باران و باخچەیێنێن گشتی ل ناڤ باژێران بهێنە زێدەکرن.)** ڕێگەگرتن و بەرەنگاربوونەوەی ئەم کاولکاریانە بە دوورخستنەوەی کارگە و شوێنە پیشەسازییەکان دەبێت دوور لە ناوچەی نیشتەجێبوون و چاندنی دار و درەخت، مەبەستی پاراستن و ژینگە و خاوێنکردنەوەی هەوا، کێبرکێ و پەلهاویشتن و تەماحکاری مرۆڤەکان بە لەناوبردنی دارستان و شوێنە سروشتییەکان و دامەزراندنی کارگە و پیشەسازی و تەقەمەنی لە شوێنیان، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە دەستیان

بەسەردا دەگیررێت و داگیر دەکرێن، دەرهێنانی سامانی سەرزەوی و ژێرزەوییان بەبێ ڕەچاوکردنی تێکچوونی ژینگە، ئامانجێکی گرنگی بەدواداچوونی ئیکۆلۆژیای قووڵە وەك جۆرێکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی.

بنەماکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لەم دەقەدا ئامادەییەکی تەواویان هەیە، سەرەتای چیرۆکەکە بە ناساندنی هەردوو ژینگەی شار و گوند دەستپێدەکات **(باب، ئەڤرۆ مامۆستای پرسیارەك ژ مه کر و گۆت: بۆچی ژینگەها گوندان ژیا باژێران پاقژترە؟)** بەراوردکردنی هەردوو ژینگەکەیە لە ڕووی پاك و خاوێنییەوە، بنەمایەکی تر ناسینی کێشە ژینگەییەکەیە، کە لە دەقەکەدا **(بەڵێ ل باژێران گێلە شۆک و زێدەبوونە مرۆڤان و دوکێلا ترۆمبێلان و .... ئەگەرێن پیس بوونا ژینگەها باژێران)** دیارترین ئەو کێشانەن، کە لە ژینگەی شارەکاندا بەدی دەکرێن، کە دەبنە هۆکاری کۆمەڵێك نەخۆشی، کە لە ئەمڕۆدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێیانەوە دەناڵێنێت، بنەمایەکی تر پۆلێنی کێشە ژینگەییەکانە، ئەم دەقە ئاماژەی به پیسبوونی (ئاو، هەوا، خاك) داوە، کاریگەریی هەریەکەیان لەسەر ئەوی تریان، مامۆستای بابەت پێویستە هاوکاربێت لە دیاریکردنی ئەو پۆلێنکارییە بۆ قوتابیان، بنەمایەکی تر دۆزینەوەی چارەسەرە لە دەقەکەدا **(باب: شیرینا بابێ خۆ، دڤێت کارگەه و جهێن پیشەسازی و ئەو تشتێن ژینگەها باژێری تێکددەن هەمی بهێنە ڤەگوهاستن بۆ جهێن گونجای و ژ دەرڤەی باژێری و ڕووبەرێن کەسکاتیێ و دار و باران و باخچەییێن گشتی ل ناڤ باژێران بهێنە زێدەکرن)** دیارترین ئەو چارەسەرانەن، کە لە دەقەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە بۆ پاراستنی ژینگەی شارەکان بەڵام باس لە هیچ ڕێچارە و خۆپارێزییەك نەکراوە بۆ قوتابیان، کە چۆن بتوانن خۆیان بپارێزن لەو جۆرە ژینگانە.

ڕەگەزە ژینگەییەکان لە دەقەکەدا ئامادەییەکی بەرچاویان هەیە، ڕەگەزی ئاو **(ئەو ئاڤا پیسە دناڤ ئاڤرێژاندا درباز دبیت و تێکەلی گەلەک جۆرێن گلێشی دبیت و ڤەمانا وان لە هەندەک جهان گەلێک بێهنێن نەخۆش و گازێن زیانبەخش ژێ پەیدا دبن)**، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بە ئاوی پیس کراوە، ئەو دەرئەنجامانە باسکراون، کە لە ئەنجامی پیسبوونی ئەم ڕەگەزەی ژینگەوە پەیدادەبن، ڕەگەزی هەوا بە هۆی پیسبوونی ئاو و خاکەوە پیس دەبێت و مرۆڤ توشی کۆمەڵێك نەخۆشی دەکات وەك لە دەقەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە **(باب: کچا من گەلەك نەخۆشی ژ ئەوێ**

دوکێلێ و ئەوان بێهن و گازێن زیانبەخش پەیدا دبن. وەك: **(نەخۆشییا پەنجەشێرێ، تەنگەنەفەسێ، هەودانا سیهان، سینگ کەلبونێ و هندەک نەخۆشیا پێستێ)** (پەروەردە و خوێندنی باڵا،28:2024-29)، ڕەگەزی خاك ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، کە خۆی لە بەراوردکردنی ژینگەی گوند و شار، کەمی دار و درەخت، ئاوەڕۆی شارەکان و شوێنە پیشەسازییەکان لە ژینگەی شارەکان دا هۆکاری پیسبوونی ئەم ڕەگەزەن.

دەقی چیرۆکیی (خەون) لە پۆلی یەکەم-وەرزی دووەم:
منداڵان بە بینینی دیمەنە سروشتییەکان و پێکهاتەکانی ژینگە دڵخۆش دەبن و حەزیان بە چوونە ناو سروشتە، ناونیشانی دەقەکە (خەونە)ە، ڕەهەندێکی گرنگە لە زانستی دەروونناسیدا، منداڵان هاوشێوەی گەورەکان خەون بەو شتانەوە دەبینین، کە حەزیان لێیەتی، لە خەونەکانیاندا ئەو شتانە دووبارە دەبنەوە، کە ڕۆژانە بەرکەوتنیان لەگەڵیاندا دەبێت و بیری لێدەکەنەوە، ئەم دەقە بەتەواوی سودی بینیوە لە ئامراز و کەرەستە ژینگەییەکان وەك: (بەهار، گوڵ، گیا، سەوزایی، خونچە، بولبول، پەپولە)، ئەم چەمکانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕاکێشانی سەرنجی منداڵان بەرەو ژینگەی سروشتی، هەروەها سروشت پێگەیەکی گرنگی هەیە لە نەستی مرۆڤ دا، سەرەتای دەقەکە **(شەو بەر لە خەوتن، ڕەوا ددانەکانی شوشت. بە ئارامی لەناو جێگاکەیدا خەوت و کەوتە خەوێکی خۆش)** ڕێ و شوێنێکی ئارام و گونجاو لە ڕووی دەروونییەوە ڕەخسێندراوە بۆ ئەوەی (ڕەوا) بەوپەڕی ئارامییەوە بخەوێت و حەز و ئارەزووە پەنگخواردووەکانی دەروونی لە خەونەکانیدا بە ئاگابێنێتەوە، قۆناغی چوونە ناو خەوەکە **(لە خەونیدا: بەهار بوو،....)** خەونەکە ڕازێنراوەتەوە بە وەرزی بەهار، ئەم وەرزە واتە گوڵ و سەوزبوونی دار و درەخت و گەشانەوەی وڵات، منداڵیش هەمیشە حەزی بە هەمەڕەنگی دێت، کۆتایی دەقەکە **(بەیانی ڕەوا ئەم خەونە خۆشەی بۆدایە و بابە گێڕایەوە)** (مەحوی و ئەوانی تر،108:2024)خەونەکە ئاسوودەییەکی دەروونی گەورەی بە (ڕەوا) بەخشیوە، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە خەونەکەی بۆ دایک و باوکی گێڕاوەتەوە، سەرتاپای دەقەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە خزمەت ژینگە دەروونییەکەدایە؛ بۆیە دەقەکە ژینگەناسی دەروونناسییە.

بنەماکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لەم دەقەدا تەنیا بنەمایەك بەدی دەکەین ئەویش ناساندنی ئەو ژینگە سروشتییەیە، کە هەمیشە مایەی سەرنجڕاکێشانی مرۆڤە تەنانەت لە خەونەکانیشیدا ئارامی پێدەبەخشێت.

ڕەگەزە ژینگەییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ ئاماژە بە خاك کراوە بە جوانی ئەم ڕەگەزە لە وەرزی بەهاردا، هەرچی ئاو و هەوایە بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئاماژەی بۆ کراوە، کە قوتابی ناتوانێت درکیان پێ بکات.

## 2.4 ئاماری دەقە چیرۆکییەکان لە پرۆگرامی بنەڕەتی خوێندنی کوردی

دەقە چیرۆکییەکان، دەتوانرێت بەهۆی زانستی ئامارەوە بەدواداچوونیان بۆ بکرێت لەبارەی ڕێژەی ئامادەیی ئەو چیرۆکانەی، کە ڕەهەندی ژینگەییان هەیە، هەروەها ئامادەیی جۆر و ڕەگەز و بنەماکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر بۆ ئەو دەقانە لە ڕوانگەی توانای گەیاندنی پرس و پەیامە ژینگەییەکان بۆ قوتابیان، ئەوەی ، کە دەبینرێت بە شێوەیەکی گشتی بوونی ڕێژەیەکی باشە لەو دەقە چیرۆکییانەی، کە ڕەهەندی ژینگەییان هەیە، لەو دەقانەدا پێنج جۆری ڕەخنەی ئیکۆلۆژین بە ڕێژەی جیاواز بەدیدەکرێن، ڕەگەز و بنەماکان بە ڕێژەی جیاواز ئامادەییان هەیە، سەرباری ئەمانە هێشتا ئەو دەقانە پێویستییان بە پێداچوونەوە هەیە، لەڕێگای دەوڵەمەندکردنیان بە جۆر و بنەما و ڕەگەزەکان بە ئامانجی خستنەڕووی زیاتری پرسە ژینگەییەکان، ڕەنگدانەوەی (جۆر، بنەما، ڕەگەز)ەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بە شێوەیەکی تا ڕاددەیەك هاوسەنگ بە ئامانجی گەیاندنی باشتری بابەتە ژینگەییەکان. ئەم داتایانە دەستکەوتوون لە دەقە چیرۆکییەکان:

**خشتەی (1) ژمارەی دەقە چیرۆکییەکان و چیرۆکە ژینگەییەکان**

| پۆل | کۆی دەقە چیرۆکییەکان | چیرۆکە ژینگەییەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | 9 | 6 |
| دووەم | 12 | 6 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| سێیەم | 19 | 8 |
| چوارەم | 16 | 11 |
| کۆ | 56 | 31 |

ئامادەیی ئەو چیرۆکانەی، کە ڕەهەندی ژینگەییان هەیە لە پرۆگرامەکانی بنەڕەتی کتێبەکانی خوێندنی کوردی، 31 چیرۆکن، لە کۆی دەقە چیرۆکییەکان ، کە 56 چیرۆکن، ئەم ڕێژەیە ئامادەییەکی باشە لە پرۆگرامە بنەڕەتییەکان دا، بە تایبەتی لە پۆلی چوارەم، ڕێژەی ئەو چیرۆکانەی، کە ڕەهەندی ژینگەییان هەیە بەرزترین ئاستی هەیە، کە 11 چیرۆکن، بە ئامانجی بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سروشت و مرۆڤ، بیری پارێزگاری و خۆش ویستنی ژینگە.

دەقە چیرۆکییەکان جۆرەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە خۆیان دەگرن بەم شێوەیە:

**خشتەی (2) ژمارەی جۆرەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە کورتیلە چیرۆکەکاندا**

| پۆل | قووڵ | ئیکۆفیمینیزم | ئیکۆئاژەڵناسی | ئیکۆشوانکارەیی | | دەروونی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | 3 | 1 | 0 | 0 | | 2 |
| دووەم | 2 | 0 | 1 | 2 | | 1 |
| سێیەم | 6 | 0 | 2 | 0 | | 0 |
| چوارەم | 6 | 2 | 1 | 1 | | 1 |
| کۆ | 17 | 3 | 4 | 3 | | 4 |

ئامادەیی جۆرەکان لە کورتیلە چیرۆکەکاندا جیاوازن، بە شێوەیەك، کە ئیکۆلۆژیای قووڵ زۆرترین ئامادەیی هەیە لە هەموو پۆلەکاندا، جۆرەکانی تر ئامادەییەکی کەمتریان هەیە لەو ژمارەیە، ئەوەش ناهاوسەنگی پیشان دەدات لە گرنگی دان بە جۆرەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرۆگرامی بنەڕەتی خوێندنی کوردی؛ چونکە جۆرەکان هەریەکە گرنگی خۆیان هەیە و دەتوانن کاریگەریی دروست بکەن لە سەر قوتابی، لە ڕووی ڕێژەوە جۆرەکان بەم شێوەیەن:




**وێنەی ڕێژەی جۆرەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە کورتیلە چیرۆکەکاندا**

ئامادەیی بنەماکان لە دەقە چیرۆکییەکان دا بەم شێوەیەن:

**خشتەی (3) ژمارەی کورتیلە چیرۆکە ژینگەییەکان و بنەماکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی**

| پۆل | چیرۆکی ژینگەیی | بنەماکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی |
|---|---|---|
| یەکەم | 6 | 3 |
| دووەم | 6 | 2 |
| سێیەم | 8 | 4 |
| چوارەم | 11 | 4 |
| کۆ | 31 | 13 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەماکان لە دەقە چیرۆکەکان دا ئامادەییان هەیە، بەڵام هێشتا ئەو ئاستە پێویستە نییە، کە بتوانێت هاوکار بێت لە گەیاندنی پەیامە ژیانگەییەکان؛ چونکە بنەماکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ئاوێتەکردنی قوتابیان بە ژینگە، لە پۆلەکانی یەکەم دووەم، لە کۆی 6 شیعری ژینگەیی لە هەر پۆلێکدا، 3 شیعر لە پۆلی یەکەم و 2 شیعر لە پۆلی دووەم بنەماکانیان بە تەواوی تیادا بەدی دەکرێت، ئەم ڕێژەیە لە پۆلەکانی سێیەم و چوارەمدا زیاترە بە شێوەیەك، کە لە هەر پۆلێکدا 4 شیعر هەیە، کە بنەماکان بە تەواوی لەخۆیان دەگرن.

ڕەگەزەکانیش لە دەقە چیرۆکییەکاندا ئامادەییان هەیە و پێکهێنەری سەرەکیی ئەو دەقانەن، بە چەند جارێك ئاماژەیان پێکراوە، بەم شێوەیە:

**خشتەی (4) ژمارەی ڕەگەزەکان لە کورتیلە چیرۆکە ژینگەییەکان**

| پۆل | چیرۆکە ژینگەییەکان | ئاو | هەوا | خاك |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | 6 | 0 | 1 | 1 |
| دووەم | 6 | 1 | 1 | 2 |
| سێیەم | 8 | 3 | 1 | 2 |
| چوارەم | 11 | 5 | 5 | 5 |
| کۆ | 31 | 9 | 8 | 10 |

دەقە چیرۆکەکاندا تیایاندا ئاماژەدان بە ڕەگەزەکان ڕێژەیەکی بەرچاوی هەیە، ئەم ڕێژەیە لە پۆلی چوارەم بەرزترینە، کە بۆ هەر ڕەگەزێك 5 جار ئاماژەی پێکراوە، لە پۆلی یەکەم ئەم ڕێژەیە نزمترینە، بە جۆرێك تیایدا هیچ ئاماژەیەك بە ڕەگەزی ئاو نەکراوە، هەروەها ڕەگەزەکانی هەوا و خاك تەنیا 1جار ئاماژەیان بۆ کراوە، ڕەگەزەکان لە ڕووی ڕێژەییەوە

لە چیرۆکەکاندا جگە لە پۆلی یەکەم هاوسەنگیان تاڕادەیەك تیادا بەدی دەکرێت، لە ڕووی ڕێژەییەوە ڕەگەزەکان بەم شێوەیەن:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی ڕێژەی ڕەگەزەکان لە کورتیلە چیرۆکەکاندا

## ئەنجام:

1- بابەتە ژینگەییەکان لە پرۆگرامەکانی کتێبی خوێندنی کوردی بە چڕی بوونیان هەیە؛ بۆیە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ئاڕاستەیەکی گونجاوە بۆ ئەو مەبەستە.

2- لە زۆربەی دەقە چیرۆکییە ژینگەییەکاندا مرۆڤ بە چەقکراوە، کە هەردوو ڕۆڵی پاڵەوان و دوژمنی ژینگەی پێدراوە.

3- ئەو دەقە چیرۆکییەکانەی، کە ڕەهەندی ژینگەییان هەیە لە پرۆگرامەکانی کتێبی خوێندنی کوردی لە پۆلی یەکەمەوە بۆ پۆلی چوارەم پێنج جۆری ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لەخۆیان دەگرن.

4-بنەماکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لەو دەقانەدا گشتگیرنین لە زۆرێکیاندا ئامادەییەکی تەواوەتییان نییە.

5-ڕەگەزی ئاو لە چیرۆکە ژینگەییەکاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زیاتر باسکراوە بەرامبەر بە ڕەگەزەکانی (هەوا، خاك)، کە زیاتر بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ و کەمتر باسکراون، ڕەگەزی ئاگر ئاماژەی بۆ نەکراوە.

6-ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و چیرۆکە ژینگەییەکان لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتیدا چڕکراونەتەوە، کە زۆرترین دەقی ژینگەیی لەخۆی دەگرێت، کە (11) چیرۆکی ژینگەیین لە کۆی (31) چیرۆکی ژینگەیی.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

ا-کتێبەکان


- ئەحمەد، نەوزاد عەلی. (2006). منداڵ و ئەدەب، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون.
- بەرزنجی و بەرزنجی، علی تاهیر و عەبدوڵا تاهیر.( 2024). کلیلدان-فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە،چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
- بەلبەع، عبدولنەعیم. (2013). پیسبوونی ژینگە، و.سەڵاح سەعدی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی نارین.
- پەروەردە و خوێندنی باڵا. (2024). خوێندنی کوردی-پۆلی چوارەم، چاپی یەکەم، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.
- حوسێن، هیمداد. (2020). ئەدەبی نوێی کوردی(لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی پراکتیکی)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
- ڕەبیع، عادل مشعان. (2014). هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی، و.ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- صڵێوە و خامۆش، هاوژین صڵێوە و ڕۆستەم خامۆش. (2022). ئەدەب و هونەری منداڵان، چاپی یەکەم، کۆیە، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە.
- صبری، ڕازاو ڕەشید. (2010). چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- عەبدولقادر، کەیفی ئەحمەد. (2021). ئەدەب و چیرۆکی منداڵان، چاپی یەکەم، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.

- عەبدوڵڵا، سۆران مامەند. (2023). ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر،چاپخانەی موکریانی.
- عەجورە، محمد ئەلسەید. (2014). پیسبوونی ژینگە و جۆرەکانی، و.ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- عثمان،صادق احمد و ئەوانی تر. ( 2024). خوێندنی کوردی-پۆلی دووەم، چاپی سێیەم، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.
- عثمان،صادق احمد و ئەوانی تر. ( 2024). خوێندنی کوردی-پۆلی سێیەم، چاپی سێیەم، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2008.)، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند.
- مەحوی، محەمەد و ئەوانی تر. ( 2024). خوێندنی کوردی-پۆلی یەکەم، چاپی دەیەم، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.

ب/ نامە ئەکادیمییەکان

-محمود، مهدی احمد. (2022). ڕەخنەی ژینگەیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا- نامەی ماستەر، ڕانیە، زانکۆی ڕاپەڕین.

**ب/ گۆڤار و توێژینەوە زانستییەکان بە زمانی کوردی**

- ابراهیم و پیرۆت، ابراهیم محمد و بارزان علی. (2024). ئیکۆفێمینیزم لە دەقەشیعرییەکانی "قوبادی جەلیزادە"دا،دیوانی "باخچەکانی مەلەکە تاووس"بە نموونە،*گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان* ، ژمارە 28(5)، لاپەڕە: 15-41.
-حمدامین و سەعید، معطسم احمد و ئازاد محەمەد. (2024). مێژووی سەرهەڵدانی کورتەچیرۆك و کورتیلەچیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا،*گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی*، ژمارە60، لاپەڕە:320-341.
-عەبدوڵڵا و حەسەن، سۆران مامەند و مەولود ئیبراهیم. (2023). پەیوەندی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بە جەنگەوە،*گۆڤاری قەڵای زانست*، ژمارە1 (8)، لاپەڕە:220-239.

- عەلی و سمین، حسین اسماعیل و سرحد محمد. (2022). بنەماکانی دانانی پڕۆگرامی خوێندن، گۆڤاری زانستی زانکۆی گەرمیان، ژمارە 9(2)، لاپەڕە:24-34.
- محمد، فوئاد ڕەشید. (2018). شیعری (وەسێتنامەی زەوی) (کەژاڵ ئەحمەد) لەبەر ڕۆشنایی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا) ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە 15(5)، لاپەڕە:431-444

## سەرچاوە عەرەبییەکان

ا- الكتاب

- الجبيلى، نجاح. (2021). النقد البيئى، الطبعة الاولى، البصره، دار الشهريار.

ب- الرسالة الاكادمية

- عبدالحافظ، عبير جودت حافظ. (2023). النقد البيئي و نظرية الادب: دراسة فى نماذج روائية معاصرة، رسالة الماجستير، الخريف، كلية الاداب و العلوم.

## سەرچاوە فارسییەکان

ا- کتێبەکان

- پارساپور، زهرا. (1392). نقد بومگرا:(ادبيات و محيط زيست)، ، تهران، مشخصات نشر-پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى.
- پارساپور، زهرا. (1395). ادبيات سبز، تهران، پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى.

ب/ توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان

- جوارى، محمد حسين. (1397). نقد محيط زيستى در حوزه ادبيات با رويكرد تطبيقيى، *فصلنامه عيلميى پژوهش هاى ادبييات تطبيقيى*، شماره 2 (6)، پيايى (16)، صفحه: 128-143.
-ياحقى و همكاران. (1402). نقد بومگرايانەى روايت اقتباسى اولين پادشاه جهان، *مجلهى مطالعات ادبيات كودك دانشگاه شيراز، مقالهى علمى-پژوهشى*، شمارهى دوم ( 28) صفحه00 3-328.

## سەر چاوە ئینگلیزییەکان

### ا-کتێب

- Antonov, Vladimir. (2008). Ecopsychology: harmony of communication with nature, New Atlanteans, Lulu.
- Buell, Lawrence. ( 2005). The Future of Environmental Criticism:Environmental Crisis and Literary Imagination, Malden, Black Well publishing Ltd.
- Fowler, R., Childs, P. (2006). The Routledge Dictionary of Literary Terms, Lodon and New york, Routledge.
-Glotfelty, C., Formm, H. (1996). The Ecocriticism reader,Land Marks IN LITERARY ECOLOGY, Athens, University of Georgia press.
- Love, Glena. (2003). Practical Ecocriticism Literature-Biologyand the Environment, Virginia, Virginia press.
- Mitra, N., Pal, S. (2022). Environmental Management, Ghaziabad, N.B.publications.

### ب/ توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان

- Al-abbasi, Taher Mabrouk. (2016). An Ecocritical Reading of Selected Poems by Daniel Abdal-Hayy Moore, *Journal of the Faculty of Arts*, Volume 8(13), pp. 866-888.

---

# The Environmental dimensions in the Story Texts of Kurdish Education Textbooks (Grades 1–4)

**Mohammed Rahman Pirot**
Raperin General Directorate of Education, Pishdar Education, Qaladze, Kurdistan Region, Iraq
Email: mohammed.231123008@uor.edu.krd

**Prof. Dr. Safya Mohammed Ahmed**
Department of Kurdish Language, College of Primary Education, Raperin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq
Email: safya.kurde@uor.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract:

Ecological criticism, as an integrated critical method, addresses environmental issues—an increasingly essential topic for modern humanity. Particularly for children, it is crucial that they become familiar from an early age with ecological concepts, foundations, and values, and that they learn methods for environmental protection. This research, titled "The Environmental dimensions in the story Texts of Kurdish Education Textbooks (Grades 1–4)," is based on the Kurdish language textbooks within the national education curriculum and investigates these materials through both theoretical and practical lenses.The main objective is to highlight the importance and role of ecological criticism within the content provided by the Ministry of Education, especially in the foundational stage of primary school—Grades 1 through 4—a critical developmental phase for children. The study discusses the concepts, history, and approaches of ecological criticism, aiming to identify its components (type, foundation, and value) within the children's stories found in the textbooks.These Kurdish language textbooks contain numerous narrative texts that incorporate environmental themes. Using an ecocritical method, the research analyzes these texts and then employs statistical analysis to assess the frequency and presence of ecological elements (types, foundations, and values). The study concludes with a set of findings aimed at advancing educational and pedagogical practices through an environmental perspective. Finally, all references used in the study are listed.

***Keywords***: *Dimensions, Ecology, Criticism, Environment, Story, Text*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# الابعاد البئية للنصوص القصصيّة في الكتب المدرسية الكردية للصف (4-1)

**الملخص**

النقد الايكولوجى كأسلوب النقدي المعاصر يتحدث عن القضايا البيئية الّتي من المهم الإلمام بها اليوم وخاصة الأطفال، وينبغي للأطفال أن يتعرفوا العبارات والمبادئ والمفاهيم البيئية في سن مبكراً، وأن تعلموا التدابير الوقائية، هذا البحث بعنوان ( الابعاد البيئية للنصوص القصصيّة في الكتب المدرسية الكردية للصف (1- 4). لقد استخدم الكتب المدرسية الكردية للمنهج التربية والتعليمية كأدوات بحثه، ويتضمن البحث كلا الجانبين النظري والعملي، غايتنا الرئيسي منها هو إظهار وبيان كيمان قيمة وأهمية نقد الايكولوجى في إطار مناهج المقروئة للوزارة التربية والتعليم، وخاصة حلقة الأولى من صف الأول الابتدائي إلى صف الرابع، الّتي هي مرحلة مهمة من مراحل نمو الطفل، هذا البحث تتحدث عن مصطلح وتأريخ و المبادئ النقد الايكولوجى، وهذا محاولة لتبيان المبادئ النقد الايكولوجى (النوع، المبدأ، الجنسية) في النصوص القصصية، منهج الدراسة الكردية للمرحلة الابتدائية تتضمن عدداً من النصوص القصصية، التي تنعكس فيها القضايا البيئية. وقد تم تحليل هذه النصوص لبضع النصوص، ثم تُبع عن طريق الإحصاء لمقدار الموجود ( النوع والمبدأ والجنسية) في النصوص ، ثم أشار إلى بعض النتائج وتوصيات من أجل تحسين عملية التعليم والتدريس فيما يتعلق بالقضايا البيئية. وأخيراً، تم عرض المصادر المستخدمة.

**الكلمات المفتاحية:** الابعاد, الايكولوجى , النقد ,البيئة, القصة , النص